# قەیرانی ناڤکی، داهاتووی رژیمی ئیسلامی و داهاتووی ئۆپۆزۆسیۆنی ئێران

لە نووسینی:ئێرەج ئازەرین

وەرگێڕانی لەفارسییەوە:عەلی ئەحمەدپور

پێنج ساڵ لەمەوبەر، کاتێك کە ١١ی سێپتامبر روویدا، دەوڵەتی ئەمریکا سیاسەتێکی دەرەکی هێرشبەرانی گرتە پێش، بەتایبەت کاتێك کە رژیمی ئێرانی بە یەکێك لە سێوڵاتی " مێحوەری ئەهریمەن " هێنایە ئەژمار، ئەودەم کە کاری سەرەکی سیاسەتی دەرەکی ئەمریکا گۆڕینی رژیمەکانیان بوو، تیشکێکی هیوابەخش لە دڵی سەڵتەنەتخوزانی ئێرانی کەوت. سێساڵ لەمەوبەر کاتێك ئەمریکا لەماوەی چەند حەوتوودا رژیمی سەددام لە عێراقی ڕاماڵی و گەلاڵەی " روژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورەی" بۆ دووبارەچنینەوەی نەزمی سیاسی ناوچەکە راگەیاند، سەڵتەنەتخوازان لایان وابوو کە ئاواتەکەیان هاتۆتەدی و لەبەرا جێژنی ئەوەیان گرت کە ئیستێکە نۆبەی ئێرانە. ئەوڕۆکە قاعیدەتەن سەڵتەنەتخوازەکانی ئێمە دەبوو بارگەوبنەیان کۆکردبایە و خۆیان سازکردبایە،چونکە قەیرانی ناڤکی نێوان ئێران و ئەمریکا بۆتە تەوەرێکی جێی سەرەنجی خەڵکی جیهان و هیچ نیشانەیەك لە سازان لە نێویاندا نیە. پەروەندەی ئەتۆمی ئێرانیان ناردۆتە شوڕای ئاسایش و ئەگەری تەحریمی بازەرگانی ئێران چاوەڕوان دەکرێت. زلهێزە ئۆروپاییەکانیش دەستیان لە تاکەڕۆیی هەڵگرتووە و لەباتی کارشکاندن بەڕواڵەت چوونەتە پشت سەر سیاسەتەکانی ئەمریکا. ئەوڕۆکە نەهەر تازەموحافزەکارەکانی ئەمریکا و سەرۆکی پێنتاگۆن، دانالد رامسفێلد، قسە لە عەمەلییاتی نیزامی لەدژی ئێران دەکات، بەڵکوو تەنانەت باڵی کۆترەکان و وەزیری دەرەوە کاندالیزا رایسیش دەڵێن کە ریگای نیزامی لەبەردەستدایە. تەنانەت نەخشەی نهێنی هیرشی نیزامی بۆسەر ئێران " سیمۆر هێرش" لە نیۆیۆرکێر ئاشکرای کردووە. ئەوڕۆکە قاعیدەتەن سەڵتەنەتخوازەکانی ئێمە دەبوو سەرقاڵی پێکهێنانی کابینەی" سێبەر" و ڕێزێروی بلیتی فرۆکە بوونایە. بەڵام لەباتی ئەو کارانە، لە ئۆروپا و ئەمریکا خەریکن بۆ دانیشتنی هاوبەش لەگەڵ هەوادارانی پێشووی دووی خوردادییەکان لە دەرەوەی وڵات منەت دەکێشن و لەوەیکە توانیویانە سەمپاتی هێندێك لە خانەنیشینەکان رابکێشن، شانازی ئەوە بە خۆیان دەکەن کە لە سەردەمی لاویەتییەوە لە کۆنفێدڕاسیۆنی دانیشجووەکانی دەرەوەی وڵاتدا ئەندام بوون. ئاشکرایە کە سەڵتەنەتخوازەکانیش مەسەلەکە وەها بە جێددی ناگرن و بە رادەی سێساڵ لەمەوبەر و تەنانەت پێنج ساڵ لەمەوبەریش هیوایان نیە. بەڕاستی چی روویداوە؟ بۆچی لەماوەی ئەم دوو سێ ساڵەدا چی روویداوە؟

لەماوەی سێساڵی رابردوودا، تەجرەبەی داگیرکردنی عێراق پیشانی داوە کە دەوڵەتی جۆرج بوش توانای بردنەپێشێی ئەو سیاسەتەی نیە کە بۆ دەرەوەی راگەیاندووە و ئەو مەسەلەیە، هەم

سەبارەت بە سیاسەتی ملهوڕانەی لە ئاستی جیهاندا وایە( کە لە ژێر نێوی بێناوەڕۆکی " شەڕ لەدژی تێرۆریسم" بڕیاروابوو هێژیمۆنی جیهانی ئەمریکا بەسەر زلهێزەکانی ڕەقیبی بە زەبری هێزی نیزامی مسۆگەر بکات) و هەم لەمەڕ سیاسەتی ناوچەیی" گەلاڵەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستی گەورە" کە بڕیار وابوو بە " گۆڕینی ڕژیم"ی ژمارەیەك لە دەوڵەتانی ناوچەکە، ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بکاتە ناوچەی ژێرنفوزی بێڕەقیبی ئەمریکا. تەنانەت لەوپەڕی سەرمەستی سەرکەوتنی نیزامی ئەمریکا بەسەر عێراقیش، بێبناغەبوونی سیاسەتی ئەمریکا و شکستی چاوەڕوانکراوی لە ڕوانگەی تەحلیلیەوە ئاشکرا بوو(١). ئێستاکە باتلاقی داگیرکردنی عێراق نەتوانینی ئەمریکای بۆ دۆست و دوژمن بەکردەوە سەلماندووە. بەلام نەتوانینی ئەمریکا زۆر زیاتر لە نەتوانینی نیزامی بۆ ئارامکردنەوەی عێراقی داگیرکراوە. تەنانەت لە ڕوانگەی نیزامیەوە، نەتەنیا عێراق، بەڵکوو مەسەلە لە ئەفغانستانیش کۆتایی پێنەهاتووە. نەتەنیا ئەمریکا توانای ئامادەبوونێکی کاریگەری نیزامی لە ئەفغانستان نیە و ئەوەی( بە ئامادەبوونی هێزەکانی ناتۆ)بە هێزەکانی ڕەقیب و بەگشتی ئاڵمان ئەسپاردووە، بەڵکوو تەنانەت تاڵەبان سەرلەنوێ لەباری نیزامییەوە کەوتوونەتە خۆ و ئەلقاعیدە لە نێو دڵی پێتەختەکانی ئۆروپا عەمەلییات دەکات( وە بەڵێنی عەمەلییاتکردن لە خاکی ئەمریکای بۆ هاوینی ئەمساڵ داوە). ئەو نەتوانینەی ئەمریکا بەتەواوی ناوەڕۆکێکی سیاسی هەیە.

## لە دێمۆکڕاتیزاسیۆن و مۆدێڕنیتەوە هەتا ڕێککەوتن لەگەڵ ئیسلام

بەدوای ١١ی سێپتامبر و لە سەرودەمی هێرشی ئەمریکا بۆسەر ئەفغانستان، زۆرێك لە بیرمەندە دەستەڕاستییەکان لایان وابوو کە لەباتی بەرامبەرکێکردنی سەردەمی شەڕی سارد کە دوجەمسەریی سەرمایەداری ڕۆژئاوا و " کۆمۆنیسم "ی شۆڕەوی بوو، لە سەردەمی دوای شەڕی سارد، ئێستاکە ئەوە بەرامبەرکێی دێموکڕاسیی لیبڕاڵی لەتەك ئیسلامی بونیادگەرایە کە دینامیسمی سیاسەتی جیهانی پێك دێنێت. سیاسەتی دەرەکیی نوێی ئەمریکا، بەو پێیە، لە ناوەڕۆکی خۆیدا شتێك جگە لە بەهێزترکردنی پرۆسەی " دێموکڕاتیزاسیۆن" نەبوو، کە بە پێی لێکدانەوەی هەر ئەو بیرمەندانە، زیاتر لە دوو دەیە پێش بە شێوازی شەپۆلێك لە جیهانی دووهەم و سێهەم هەڵستابوو کە خۆڕاگریکردن لە بەرامبەریدا نامۆمکێن بوو، وە گۆیا هەر ئەو شەپۆلە بوو کە سەرەنجام ئۆردوگای شۆڕەوی( یەکیەتی سۆڤییەتی) لە خۆیدا نوقم کردبوو. هێندێك لە ڕووناکبیرەکانی ڕۆژئاوا ( کە ژمارەیەکیان پێشینەی چەپبوونیشیان هەبوو) لە ناوەڕۆکدا هەر ئەو قسەیان بە هێندێك تێبینییەوە گووتەوە. ئەوانە سیاسەتی خارێجی هێرشبەرانەی ئامریکایان بە بەرامبەرکێکردنی مۆدێڕنیتەی کاپیتالیستی لەگەڵ ئیسلامی سیاسی ڕاگەیاند و تەبعەن ئیمپریالیسمی مۆدێڕنیان بە ئیسلامی ئێرتجاعی تەرجیح دا. لە مەیدانی سیاسەتی ئێرانیش، تەنها لایەنگرانی گەڕانەوەی سەڵتەنەتی پەهلەوی نەبوون کە لە بەرامبەر وەها ئاڵ وگۆڕێکی جیهانیدا سەروپێی خۆیان ون کرد، بەڵکوو پۆلێك لە " چەپی مەجنون"یش، بەڕواڵەت بەهۆی دڵبەستەبوون بە مۆدێڕنیسم و سێکیۆلاریسم لەپاڵ

سەڵتەنەتخوازان، بەکردەوە بوونە لایەنگری سیاسەتی ئەمریکا. گرینگتر لەوانە، لە نیمچە-ئۆپۆزۆسیۆنی لیبڕاڵیشدا، ئەوانەی کە لە هێوربوونی چوونەپێشی ئیسلاحاتی دەوڵەتی خاتەمی رۆژلەدوایڕۆژ زیاتر سەرکۆنە دەبوون، لە سیاسەتی دەرەکیی ئەمریکا ئەو ئامرازی زەخت وزۆرەیان دەبینی کە دووی خۆرداد نەیتوانی بەسەر خۆڕاگریکردنی وەلی فەقیە و باڵی راستی رژیم لەبەرامبەر ئیسلاحاتدا دا بسەپێنێ. هەڵبژاردنی ئەحمەدی‌نژاد تەبعەن پانتاییەکی زیاتری بە وەها بادانەوەیەکی نێو ریزی لیبڕاڵەکان و ئیسلاحخوازان بەخشی.

ئەوەیکە سیاسەتی دەرەکی ئەمریکا واقیعەن نەیدەویست دیمۆکڕاسی لیبڕاڵی لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پەرەپێبدات( وە نەشیدەتوانی بیهەوێت)، تەنانەت بۆ بیرمەندە دەستەڕاستی‌یەکانی لایەنگری ئەمریکا روون بوو، وە بۆ بڕەودان و گردوکۆکردنی تێئۆرییەکانی خۆیان ئەو ڕاستییەیان بەگشتی بە ئاماژەدان بە تەبسەرەی تایبەتمەندییە فەرهەنگی‌یەکانی( بە شێوەی ئیسلامی) ئەو وڵاتانە، لە لێکدانەوەکانی خۆیاندا بڵاویان دەکردەوە. بەڵام دیفاعکردنی زۆرێك لە ڕووناکبیرانی رۆژئاوا لە سیاسەتی ئەمریکا لەسەر ئەساسی پێباشبوونی دیمۆکڕاسی( تەنانەت جۆری پاڕلمانی و لیبڕاڵییەکەی) دامەزرابوو. لە جێیەکی‌تر لە زمان سەلمان ڕۆشدییەوە گێڕامانەوە کە مینی‌مۆمی قازانجی هێرشی ئەمریکای بۆسەر ئەفغانستان بەوە دەزانی کە بەدوای رووخانی حکومەتی حەیوانی تاڵەبان، لانیکەم لەبەرکردنی مینی‌ژوپ و خواردنی ساندویجی ژامبۆن و ماچکردنی ژن وشووەکان لەبەرچاوی خەڵك، تەعزیر وسەنگسارکردنی بەدواوە نابێت(٢)، وە هیچ کەس حاشا لە سەرنجڕاکێشبوون و تەنانەت رەوابوونی وەها خواستێك بۆ جەماوەری لاوان و بەگشتی جەماوەری خەڵك نیە. ئەو بەشەی" چەپی مەجنون"ی ئێرانیش کە سیاسەتی شەڕهەڵاییسێنەرانەی ئەمریکا، بە بەرامبەرکێکردنی مۆدێرنیسم و سێکیوڵاریسم لەگەڵ ئیسلامی سیاسی دەبینێت، بەوە رازی بوو کە رەواجی مادۆنا و جێنیفێرلۆپێز، جێی رێورەسمی عاشوڕا و دۆعای کۆمێیل بگرێتەوە( وە عەینەن هەر ئەوەی نووسی). دەنا نەك هەر دیمۆکڕاسی لیبڕاڵی، بەڵکوو لانیکەم فەرهەنگی مۆدێرنیش دەیتوانی دیاری سیاسەتی ئەمریکا بۆ خەڵکی وڵاتانی ئیسلاملێدراو بێت.

بەڵام لێکدانەوەی سەڵتەنەتخوازان و پۆلێك لە لیبڕاڵەکانی نیمچە-ئۆپۆزۆسیۆن لەسەر بەرامبەرکێکردنی ئەمریکا لەگەڵ ئیسلام بە هۆی تایبەتمەندی فەرهەنگیی نەبوو، بەڵکوو لایەنی سیاسیتری هەبوو. لای ئەمانە ئەوەیکە دەوری دیاریکەری دەگێڕا، ئەوە نەبوو کە ئایا ئەمریکا لە کردەوەدا دەتوانێت بانگەوازی فەرهەنگی مۆدێرن بۆ وڵاتانی ئیسلامی بێت یان نەبێت( وە دەغدەغەی دیمۆکڕاسی پاڕلمانی تەواوعەیاریشیان هەڵبەت نەبوو)، بەڵکوو گرینگ ئەوە بوو کە ئەمریکا بەهۆی کارەساتی ١١ی سێپتامبر، بە هەر ئامانج و بەهەر ئاکامێکی فەرهەنگی، قۆڵی هەڵماڵیوە تا کۆتایی بە نفوز و بڕەوی رەوتی ئیسلامی سیاسی لە ناوچەکە بێنێت, وەها سیاسەتێك بەمانای ئەوە بوو کە ئێستا بەهێزترین قودرەتی جیهان لەگەڵ رژیمی ئێران ناکۆکییەکی لەئاشتی‌نەهاتووی هەیە، کەواتە لایەنگری ئەو رەوتانەیە کە دەتوانن رژیمێك لە ئێران پێك بێنن کە جێی ئەو رژیمە بگرێتەوە. بەڵام تەنانەت ئەگەر گۆڕینی رژیمی ئێران

لەسەرووی کارەکانی ئەمریکا بێت، لەماوەی ئەم سێ‌ساڵەدا روون بۆتەوە کە ئەمریکا ئەو ئامانجە بە داگیرکردنی نیزامی ئێران و تێکرارکردنەوەی سێناریۆی عێراق عەمەلی ناکات. ئێستاش، سەرەڕای ئەوەیکە قسەلە ئەگەری ڕێگاچارەی نیزامی دەکەن، بەلاَم مەبەستیان لەشکرکێشی و داگیرکردن نیە، بەڵکوو عەمەلییاتی بۆمبارانکردنێکی بەرتەسکی ئاسمانی( دو تا سێ رۆژ) بە مەبەستی لەناوبردنی نیروگا و تەحقیقاتی ناڤکی و نزمکردنەوەی توانای سەنعەتی ئێرانە. پێویست ناکات لێرە ئەو فاکتەرە نیزامی و ئابووری وسیاسییانەی کە ئەمریکا ناچار دەکات تا ڕێگاچارەی داگیرکردنی ئێران وەلابنێت، باس بکەین. راشکاوانەتر لە هەر شتێك ئەوەیە کە ئەوڕۆکە ڕێبەرە سەڵتەنەتخوازە ئێرانییەکانیش رادەگەیێنین کە لەگەڵ داگیرکردنی ئێران لە لایەن ئەمریکاوە موافق نین. مەبەستیان "ئەستەغفرەڵلاّ" دژایەتیکردن لەگەڵ سیاسەتی ئەمریکا نیە، بەڵکوو چوونکە دەزانن سیاسەتی ئەمریکا نەکەوتۆتە وەها قۆناغێك، بە نیشانەی رازیبوون لەئاست ئیرادەی ئەرباب وادەڵێن. ئەگینا بۆ بەتەختیدەستەلاّتگەیاندنی پەهلەوی سێهەم( لە درێژەی سۆننەتی پیرۆزی رەزاشاو محەممەدڕەزاشا کە تاج و تەختیان بە نۆبە مەمنوونی دەخاڵەتکردنی دەوڵەتی بریتانیا و دەوڵەتی ئەمریکا بوون)، بەشێك جگەلە دەستێوەردانی ئەمریکا ناتوانن پشت ببەستن. ئێستا نەتوانینی ئاشکرای نیزامی ئەمریکا شانسی ئەوانی زۆر هێناوەتە خوارێ، بەلاّم هێشتا نەیگەیاندۆتە سیفر(صفر). چونکە ئەگەرچی ڕێگاچارەی داگیرکردنی نیزامیی ئێران وەلانەنراوە، بەهەمووی ئەوانەوە، گۆڕینی رژیمی ئێران هێشتا سیاسەتی راگەیێندراوی ئەمریکایە. وە هەر چەند ئەو " گۆڕینی رژیم" ە ئێستا بڕیاروایە بە شێوەی واریاسیۆنی لە جۆری " شۆڕشی نارنجی" ئۆکڕاین و گۆرجستان بێت. بەلاّم هەتاکوو " گۆڕینی رژیم" لە دەستوری کاردایە، سەڵتەنەتخوازەکان هێشتا نەسووتاون و لەنێو کایەکەدان. لە سێ‌ساڵی رابردوو، بەلاّم، نەتەنیا ئاشکرابوونی نەتوانینی نیزامی ئەمریکا وبایەگانیبوونی سێناریۆی داگیرکردنی ئێران، بەڵکوو پێکهێنانی رەوتی رێککەوتنی سیاسەتی ئەمریکا و ئیسلامە کە ژێرپێی سەڵتەنەتخوازانی بەتاڵ کردووە. لە ئەفغانستان، نەتەنیا لە مینیژوپ و ژامبون و ماچ خەبەرێك نەبوو، بەڵکوو لە کۆماری ئیسلامی ئەفغانستانی پێرێدا خەریکبوو لاوێك کە ڕووی لە مەسیحییەت کردبوو بەتاوانی" ئێرتێدادی فێتری" سەر بڕن.

بەدەستەلاّتگەیشتنی" حیزبە جێهادییەکان" لە ئەفغانستان، ئاکامی سیاسەتێکی ئەمریکا بووە. نە بەو هۆیە کە سیاسەتمەداران و گەلاّلەداڕێژەرانی سیاسەتی ئەمریکا بەئانقەست خۆزگەی وەهائاکامێکیان بوو وە بۆ ئەو مەبەستە لەشکریان کێشابێت، بەڵکوو بەوهۆیە کە ئەمریکا، تەنانەت کاتێك کە لەباری نیزامی‌یەوە تاکەهێزە، بەهۆی ئەو ئاستەنگییانەی هێزی ئابووری خۆی ناتوانێت هەمووشتێك بڕێتەوە و هەر رەوتێکی کە پێی خۆش بوو بەدەستەلاّتی بگەیێنێت. ئەمریکا ناچارە لەکردەوەدا، لەنێو ئەو ڕێگا و شتانەی کە هەیە هەڵبژێرێت، وە ئەو ئاستەنگییەی ئەمریکا وەها بەربلاّو و عەزیمە کە ئەو هەڵبژاردنە دەتوانێت لەنێو هێزی سووك و چکۆڵەی وەك حیزبەجێهادییەکانیشدا بکرێت.

له عێراق مەسەله لەوە روونترە، قەتعەن ئەمریکا دڵیخۆشێکی له ئەمانەی وەك حیزبۆددەعووە و مەجلێسی ئەعلای ئیسلامی( ئەو براحیزبانەی دەستەڵاتدارانی ئێرانی ئیسلامی) نیە، بەڵام رێگایەك جگە له سازان لەگەڵیان لەبەردەم خۆیاندا نابینێت.
دوو ساڵ لەمەوبەر خۆدی رامسفێلد حۆکمی گرتنی مۆقتەداسەدر و هەڵوەشانەوەی جەیشەلمەهدی دەردەکات، بەڵام مۆقتەداسەدر ئێستاکە دەنگێکی دیاریکەری له دیاریکردنی سەرەك وەزیری دەوڵەتی عێراق هەیە، دەوڵەتێك که زیاتر له یەکساڵە ئەمریکا بۆ نەفسی پێکهاتنەکەی هەوڵ دەدات، وە هەوڵێك که به تەئیدکردنی مەرجەعێکی شیعە له عێراق، ئایەتۆڵڵا سیستانی نەبێت بەجێیەك نەدەگەیشت.
له لۆبنان کردنەدەرێی هێزی نیزامی سورییە( یەکێکیتر له رژیمەکانی" مێحوەری ئەهریمەن")، نەك هەر دەبێتە هۆی چوونەسەرێی نفوزی هێزێکی رەقیبی وەك فەڕانسە، بەڵکوو حێزبۆڵلای ( که نێوی هێشتا له لیستی رێکخراوە تێرۆریستەکانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکادایە)، وەك هێزێکی سیاسی رەسمییەتی پێدەدات و دەیهێنێتە نێو کایەی قودرەت. له فێلێستین، ئەمریکا بەهێزنواندنێکی تەواو کارێکی کرد که رێکخراوی ئازادیبەخشی فێلێستین یاسێر عەرەفات بەرلە مردنی وەلابنێت و سەرۆکایەتی " دەوڵەت"ی فێلێستین به پاڵێوراوی ئەمریکا، مەحمود عەبباس، بدات، بەڵام سیاسەتی ئێمپریالیستی " دێمۆکراتیزاسیۆن" و هەڵبژاردنێك که پێشنیاری ئەمریکا بوو، حەماس به دەستەڵات دەگەیێنێت. ( حەماسیش هێشتا هەر له لیستی رێکخراوە تێرۆریستییەکانی دەوڵەتی ئەمریکا و یەکیەتی ئۆروپادایە). ئەوانە به رێکەوت نین، هەر سەبارەت بەو حەماسە، هاتنەناوەوەی ئەو بۆناو پرۆسەی سیاسی، دوساڵ لەمەوبەر، رێککەوتنی مەحمود عەبباس و ئاریێل شارۆن له کۆنفرانسی شەرمۆششێیخ دا ریخۆشکەری بوو، وە ئەوە له پێش چاوی ئەمریکا شاراوە نەبوو. ئەو رێککەوتنە که " واقێع بینین" و بیرلەدوارۆژکردنەوەی هەموو ئەو لایەنانەی که بەجۆرێك تێکەڵاوی ئەوشتەبوون دەگەیاند، بەو مەرجە بوو که حەماس دەست بۆ عەمەلییاتی نیزامی نەبات، بەڵێنێك که حەماس تائێستا رەعایەتی کردووە. نەهەر ئەمریکا، بەڵکە هێزە ناوچەییەکانی وەك حەماسیش لەکردەوەدا ناچارن رێگاواقعییەکان هەڵبژێرن، وە ئەوڕۆکە گوشاری ماڵی ئەمریکا و یەکیەتی ئۆروپا بەسەر دەوڵەتی حەماس له فێلێستین بۆ گواستنەوەی خاڵی رێککەوتن و سازانی ئەوان لەگەڵ حەماس بۆ خاڵێکی باشتر و یان لەراستیدا بۆ گواستنەوە بەرەو خاڵێکیکەمتر نابەدڵانەترە.
ئەوراستییەی که وادە و بەڵێنییەکانی دێمۆکراتیزاسیۆن و مۆدێرنیتەی ئێمپریالیستی پوچ لەئاو هاتنەدەرێ، بەو هۆیە نیە که کاربەدەستانی دەوڵەتی ئەمریکا لەبەر چەند هۆکاری شەیتانی لەگەڵ پەرەسەندنی تەواو و کەماڵی دێمۆکراسی لیبڕاڵی دژایەتییان هەیە، یان سەرەنجێکی تایبەت دەدەن. پیلانێك لەئارادا نیە. رێککەوتنی سیاسی ئەمریکا و رەوتە ئیسلامییەکان پرۆسەیەکە لەڕووی ناچارییەوە که نەهایەتەن له ئابووریی سیاسی جێهانی ئەم سەردەمەدا ریشەی هەیە، وە بەتایبەت له ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەهۆی جەمسەریبوونەوە و چوونەسەرێی کێشەکۆمەڵایەتییەکانی دوای پەرەگرتنی کاپیتاڵیسمی سەنعەتی( بەتایبەت

بەهۆی سیاسەتەکانی نیئۆلیبڕالّی ٢٠-١٥ سالّی رابردوو)، سەرهەلّدانی ئیعتڕازاتی ئیڕتجاعی ئیسلامی لیّ کەوتۆتەوە.(٣). ئەوەیکە رەوتی ریّککەوتنی سیاسەتی ئیمپڕیالیستی ئەمریکا لەگەلّ جۆریّك لە ئیسلامی سیاسی رەوتیّکە لەڕووی ناچارییەوە، لەوانەیە باشترین پیّوەرەکەی ئەوە بیّت کە تەنیا سەبارەت بە نموونەی وەك فەلیّستین و عیّراق و لوبنان( کە ئەمریکا کۆنتڕۆلّیکی تەواوی بەسەر هیّزە سیاسیەکانی ئەواندا هەیە) کە شاهیّدی ئەو رەوتی ریّککەوتنەین نەبیّ، بەلّکوو سیاسەتی ئەمریکا لەوەیش کە بەتەواوی وەزعەکە لەژیّرکۆنتڕۆلّی دایە، وەها پڕۆسەیەکی بە ئیبتکاری خۆی خستبیّتەڕیّ و شکلّی پیّدابیّت. لە کوەیت، هەلّبژاردنیّك کە بە پیّشنیاری سیاسەتی نویّی ئەمریکا لە ناوچەکە بڕیاروایە لەڕیّگای مەجلیسیّکی نمایشی‌یەوە مەشڕوعییەت بە ڕژیمی ئیّستای کوەیت بدات، بووە مەیدانی هیّزنواندنی ئیسلامییەکان. عەینەن شت، لە میّسر و عەرەبستان، زەخت و زۆری ئەمریکا بۆ بەڕیّوەبردنی هەلّبژاردنەکان بە مەبەستی وەدەستهیّنانی مەشڕوعییەت بۆ ئەو رژیمە هاوپەیمانە وەفاداری لە دونیای عەڕەب، بووە هۆی ئەوە تا حۆسنی مۆبارەك و خیّلّی سعود لە ترسی لەدەستدانی پشتیوانی ئەمریکا، بەویستی خۆیان درگا بۆ بەشداریکردنی ئیسلامییەکان لە نیزامی سیاسیدا بکەنەوە. بەئامارژەکردنیّکی ئەمریکا، لە تورکییە( رژیمیّکی گویّڕایەلّ کە ئەمریکا خوازیاری چوونەناوی ئەو بۆ یەکیەتی ئۆروپا بە مەبەستی گرفت سازکردن لەسەر ریّگای پیّکهاتنی بلوکیّکی سیاسی رەقیبە)، لە نیّو نیزامیّکی نادیّمۆکڕاتیك بەلاّم سیّکیولاّردا، حیزبیّکی مۆحافزەکاری ئیسلامی ئیجازەی پیّکهیّنانی دەولّەت لە ئەڕتەش وەردەگریّت کە هاوکات هەم لەگەلّ حەماس پیّوەندییەکی باشی هەیە و هەم دۆستی نزیکی ئیسڕائیل لە ناوچەکەیە.

لەبواری عەینی‌یەوە، سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە ناوچەی رۆژهەلاّتی ناوەڕاست بەتەواوی دەتوانیّ لەگەلّ جۆریّك حکومەتی" نەرم ونیان" لە ئیّران ریّك بکەویّت، وە تا ئەو جیّگایەی کە بەئەمریکا( وە بەگشتی زلهیّزە ئیمپڕیالیستەکان)ەوە پیّوەندی هەیە، " نەرم ونیانبوونی" وەها حکومەتیّکی ئیسلامی بەمانای قبولّکردنی نیزامی سیاسیی جیّهانی و ئاسانکاری بۆ ریّکخستنی یاساو ریّساکانی پیّوەندییە نیّونەتەوەییەکانە.

پیّویستی بردنەپیّشیّی سیاسەتی ئەمریکا لەرۆژهەلاّتی ناوەڕاست بە نەرم ونیانبوونی حکومەتی ئیّران بۆ ویّنە لە عیّراق، لوبنان و فەلیّستین ئیّستاکە بۆ هەر ژۆڕنالیستیّکی رۆژئاواییش ڕوون وئاشکرایە. خالّیّك کە لیّرەدا پیّویستە ئامارژەی پیّبکریّت ئەوەیەکە، هەر بەم پیّیە ئەو بابەتانەی کە لە سەرەوە ئامارژەمان پیّکرد پیشان دەدەن کە ئەم " نەرم ونیانبوونەی" کە ئەمریکا پیّویستییەتی، پیّوەندییەکی بە شیّوەی بەرەوڕووبوونەوەی نەرم یان سەختی وەها حکوومەتیّکی ئیسلامی لەگەلّ خەلّکی ئیّران نیە.

## بادانەوەی ئۆروپا: نۆبەی ئەحمەدی‌نژادە

سیاسەتی ئۆروپا لەئاست رژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران هەتا کەمتر لە یەکسالٌ لەمەوبەر عەینەن وەها هەڵس و کەوتێك بوو وە وەها ئامانجێکی هەبوو. بەتایبەت بەدوای خاڵی وەرچەرخانی ١١ی سێپتامبر، زلهێزەئۆروپاییەکان( بریتی لە تەنانەت بریتانیاش) لەسەر فەعالکردنەوەی وەها سیاسەتێك لەئاست رژیمی ئێران سوورتر بوون. هۆکارەکەی بێگومان گۆڕینی سیاسەتی دەرەکی جیهانی ئەمریکا بوو. لەدوای کۆتاییهاتنی شەڕی سارد، سیاسەتی دەوڵەتی ئەمریکا لەئاستی جیهانیدا، هاریکاری وهاوڕێیەتی لەگەڵ هێزەئۆروپاییەکان بوو، وە دەوڵەتی کۆماریخوازی جۆرج بووشیباوك و دەوڵەتی دێمۆکڕاتی بیل کلینتۆن، هەردووکی هەر ئەو سیاسەتەیان گرتبووە پێش. بەبیانووی کارەساتی ١١ی پێپتامبر و بەرامبەرکێکردن لەگەڵ تێرۆریسم، سیاسەتی دەرەکی ئەمریکا، گۆڕا بە سیاسەتێکی هێرشبەرانە بۆ پێکهێنان و دامەزراندنی پێوەندییە نێونەتەوەییەکانی جیهان لەدوای شەڕی سارد، بەو ئامانجە کە لەو نیزامە نوێیەی کە پێك دێت، ئەوە ئەمریکا بێت کە لە هەموو شوێنی دونیا قسەی ئاخر دەکات. سیاسەتی مۆزاکرەی سێ زلهێزی ئۆرووپا لەگەڵ دەوڵەتی خاتەمی سەبارەت بە مەسەلەی ناڤکی( کە لەدوای خستنەجێی ئێران لە " مێحوەری ئەهریمەن" لە لایەن جۆرج بووشی کوڕەوە و هاوکات بوو لەگەڵ دەرکەوتنی بەرنامەی ناڤکی رژیمی ئێران)، بەئاشکرا بەرامبەرکێکردن لەگەڵ سیاسەتی ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی دەگرنە پێش.

بە پێچەوانەی ئەو شتەی کە لێکدانەوە ژۆڕناڵیستییەکان ئێدێعای دەکەن، ئێستاش ئەوە زلهێزەئۆرووپاییەکان نین کە لەژێر گووشار ناچارن بەدوای سیاسەتی ئەمریکادا بڕۆن، بەڵکوو هێزەئۆرووپاییەکان هەر بەپێی هەمان سیاسەتی سەربەخۆی خۆیان، ئێستاکە لەسەر زەختهێنان بۆسەر رژیم ساغبوونەتەوە. ئەو قەیرانەناڤکییەی ئێستاکە، تەنیا ئاکامی ئەو بادانەوەیەی هێزەئۆرووپاییەکانە کە بەئانقەست ئەو مەجالەی بەدەوڵەتی ئەمریکا داوە تا سیاسەتی خۆی لەئاست رژیمی ئێران بخاتەگەڕ. هەر تەنیا لەبەر ئەوەیکە ئەو زەخت و گووشارەی ئێستا لەمەڕ قەیرانی ناڤکی، ئەو دەرەنجام و قازانجەی کە هێزەئۆرووپاییەکان دەیانهەوێت وەدی بێنێت، دیسانەوە دادەنیشنەوە پای مۆزاکرەیەکی سازەندە لەگەڵ رژیمی ئێران و سیاسەتی ئەمریکا، هەربەمجۆرەی کە لە سێ–چوار ساڵی رابردوودا، جارێکیدی لە دیاریکردنی شێوەی هەڵس و کەوتکردنی ئۆروپا لەگەڵ رژیمی ئێران دەکەوێتە پەڕاوێز. ئەو گۆڕانکارییەی کە دەوڵەتە ئۆروپاییەکانی ناچارکرد مۆزاکرەکان لەگەڵ رژیمی ئێران راگرن و گووشاری بخەنەسەر، شتێك نەبوو جگەلە هەڵبژاردنی ئەحمەدینژاد بۆ سەرکۆمارییەتی. ئەوە راستییەکە کە ئەگەر لە سەرەتای هەڵبژاردنی ئەحمەدینژاد تەنیا بە لێکدانەوە دەکرا باسی لێوە بکرێت، لەماوەی چەندمانگی رابردوودا لە لایەن وەزیری دەرەوەی بریتانیا، جەك ستراو، لە لایەن حەسەنی رووحانی، بەرپرسی پێشووی لێژنەکەی ئێران کە لە مۆزاکرەکاندا بوون، وە تەنانەت بە بەیانێکیتر لە لایەن لاریجانی و خۆدی ئەحمەدینژادیشەوە وتراوەتەوە(٤).

ئەو قەیران ناڤکی‌یەی ئێستا لە پێوەندی نێوان ئێران و ئەمریکا، خێمەشەببازی نیە، بەڵام هۆکاری ئەم قەیرانەی ئێستا تەبعەن ئەوە نیە کە ئەمریکا لە کاتی پێشڕەوییەکاندا پەیتاپەیتا سیاسەتی خۆی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست( کە نەشیبووە) خۆی ئێستاکە گۆڕینی رژیمی ئێرانی، وای‌دابنێین لە شێوازێك جگەلە داگیرکردنی راستەوخۆی نیزامی، مەبەستە. ئامانجی ئەو زەخت و گوشارهێنانە، گۆڕینی رژیم نیە. هەتا ئەو جێیەی کە هەڵدەگەڕێتەوە سەر هێزەئۆرووپاییەکان، نۆرەی ئێران نیە، نۆرەی ئەحمەدی‌نژادە. وە تا ئەو جێیەی کە هەڵدەگەڕێتەوەسەر سیاسەتی ئەمریکا، نیەتی کاربەدەستانی ئەمریکا هەر چێك بێت، لەباری عەینی‌یەوە ئەو قەیرانە تەنیا دەبێ وەك بەشێك لە رەوتێك چاولێ بکرێت کە لەو رێگایەوە، بە دان و ستان و سەرەنجام بە رێککەوتنی دولایەن، سیاسەتە ئێمپڕیالیستی‌یەکانی ئەمریکا لەناوچەکە لەگەڵ سیاسەتە ناوچەییەکانی رژیمی ئیسلامی ئێران دەتوانن بگەنە خاڵێکی تەعادۆل.

لەوەها پرۆسەیەکدا ئیمکانی تەحریمی بازەرگانی بۆ گووشارخستنەسەر ئێران و تەنانەت ئیمکانی هێرشی مەحدوودی هەوایی و مووشەکی ئەمریکا بۆسەر ئێران رەت ناکرێتەوە. هەر چەند ئەمەی دووهەمیان وەها رەوتێك ئاڵوزتر و درێژتر دەکاتەوە، لەم ڕووەوە لەگەڵ دژایەتیکردنی هێزەئۆرووپاییەکان بەرەوڕوو دەبێت، وە هەر بەم هۆیەوە چاوەڕوان ناکرێت و نامۆحتەمێللە، لەوانەشە تەحریمی بازەرگانی وەها رەوتێك خێراتربکاتەوە. ئەگەرکوو ئەم قەیرانە ناڤکی‌یەی ئێستا نەهایەتەن بە ڕێککەوتنی سیاسەتی ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و سیاسەتی ناوچەیی حکوومەتی ئێران چارەسەرکردنەکەی مۆمکێن بێت، بۆ هەڵسەنگاندنێکی رەوتی داهاتووی ئەو قەیرانە ناتوانین هەر لەسەر کێشمەکێشی پەروەندەی ناڤکی ئێران وردبینەوە. هیچ هەڵوێستگرتنێکی سیاسی لەسەر ئەو مەسەلەیە ناتوانێ لە تاوتوێکردنی بابەتی وەك رەوابوون یان نەبوونی حکوومەتەکان بۆ هەبوونی نیروگایەکی ئەتۆمی، وە ڕەعایەت یان پێشێلکردنی تەعەهۆدی ئێران بە " ئێن پی تی NPT " دەست بدات. تەنیا بە ناسینی سیاسەتەکانی ئەمریکا و ئێرانە کە دەتوانین هەڵسەنگاندنێکمان لە ناوەڕۆکی سیاسی بەرامبەرکێی ئێران و ئەمریکا هەبێت، وە تەنیا بە تێگەیشتن لە جێگاوشوێنی عەینی مەسەلەی ناڤکی لە نێو هەڵس و کەوتی سیاسەتەکانی هەرتك لایە کە دەتوانیین هەڵوێستێکمان سەبارەت بە قەیرانی ناڤکی هەبێت.

ئەگەرکوو پێنج ساڵ لەمەوبەر،دەستبەجێ لەدوای کارەساتی ١١ی سێپتامبر، یان تەنانەت سێ‌ساڵ لەمەوبەر لە سەرەتای دەسپێبوونی داگیرکردنی عێراق، تێگەیشتن لە ناوەڕۆکی سیاسەتی خارێجی ئەمریکا هێشتا پێویستی بە لێکدانەوە بوو، وە هێشتا تەبلیغات سەبارەت بە قازانجەکانی" دێمۆکراتیزاسیۆن"ی ئێمپڕیالیستی یان مۆدێرنیتەی ئێمپڕیالیستی دەیتوانێ کەسێك هەڵفریوێنێت، ئەوڕۆکە ئیتر ناوەڕۆکی ئەبژێکتیڤی سیاسەتەکانی ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ هەر کەس کە چاوی بینینی هەیە، ئاشکرایە. تەنانەت هەوادارەکانی سیاسەتی ئەمریکاش بۆ یەك ساتیش واپیشان نادەن کە مەسەلەی واقعی ئەمریکا نیگەرانی لە پەرەسەندنی چەکە ناڤکی‌یەکانە. ئامانجەکانی سیاسەتی ئەمریکا روونە، بەڵام پێویستە بە

ئامانجەکانی ڕژیمی ئێرانیش لە ناوچەکەدا ببینەوە هەتا لە جێگاوشوێنی هەستەیی حکوومەتی ئێرانیش هەڵسەنگاندنێکی عەینیمان لە سیاسەتە ناوچەییەکانی ڕژیم بێت.

## ئامانجە ناوچەیی‌یەکان و چەکی ناڤکی

یەکەم خاڵ کە دەبێ جەختی لەسەر بکرێتەوە ئەوەیە کە، پێداگریکردنی ڕژیمی ئێران لەسەر گرتنەپێشی بەرنامە ئەتۆمییەکەی لەو ڕووەوە نیە کە چەکی ناڤکی بۆ ئەو ڕژیمە دەتوانێت ڕۆڵی چەکێکی پێشگیرانە Dtterrent لە بەرامبەر ئەگەری هێرشەکانی دەرەوەی هەبێت. چوونکە تەنانەت ئەگەر لە کورت ماوەدا بتوانێ بەرهەمهێنانی سەنعەتی بۆمبی ناڤکیش بخاتەگەڕ، ڕێژەی چەکە ناڤکی‌یەکانی‌ئەو هەتا ماوەیەکی زۆر ناگاتە رادەیەك کە ئەو لە ئەگەری هێرشی نیزامی ئەو دوژمنانەی کە هەر ئێستاکەش بە ڕێژەیەکی زۆر بەربلاوتر وەها چەکێکیان هەیە، بۆ وێنە ئێسرائیل یان ئەمریکا، بپارێزێت. بە پێچەوانەی کۆرەی باکوور، یان پاکستان و تەنانەت ئێسرائیل کە، راست یان درۆ، بەهەر حاڵ دەتوانن لە بواری عەینی‌یەوە ڕۆڵی پێشگیرانەی جبەخانە ناڤکی‌یەکانی خۆیان وەکوو دەلیل بێننەوە، بۆ ڕژیمی ئێران وەها حاڵەتێك تەسەور ناکرێت. هەروەها، بە پێچەوانەی ئەو شتەی تەبلیغاتی هێندێك لە راگەیێنەرەکان دەڵێن، ڕژیمی ئێران لە هەوڵ بۆ دەستپێڕاگەیشتن بە چەکی ناڤکی، ناتوانێت ئامانجی پەلاماربردن بۆسەر ئیسرائیلیشی هەبێت، لەبەر ئەوەیکە توانای راوەستان لەبەرامبەر عەمەلییاتی تۆڵەسەندنەوەی ئێسرائیلی ئەبەدەن نیە. چەکی ناڤکی تەنیا لەبەر ئەوە بەکاری ڕژیمی کۆماری ئیسلامی دێت تا بەتایبەت بە زلهێزەکان پیشان بدات کە ئەگەر ئەو نەبەنە نێو کایەی سیاسەتی ناوچەکە و بەشی بەرەسمییەت نەناسن، وەها ڕژیمێك دەتوانێت وەزعی ناوچەکە بشێوێنێت و ئاژاوەی مەترسیدار بنێتەوە. دیسانەوە بە پێچەوانەی هێندێك تەبلیغات، جەوهەری ئەمجۆرە ئاژاوەگێڕییانە نە ئامانجێکی ناوخۆییە و نە ڕژیمی ئێران بە هۆی باوەڕی مەکتەبییەوە ئەرکی بەئەنجامگەیاندنی ئەوانی لە ئەستۆیە.( هەرچەند، لە نموونەی زۆر بەرتەسکتر لە دەیەی ١٩٨٠ دا، چ لە لۆبنان و چ لە فەڕانسە پیشانی دا کە گرتنەپێشی شێوازی تێرۆریستی و گرەوگانگرتنیش لە خزمەت بردنەپێشی سیاسەتێکی دیاریکراوە، و نە تەکلیفێکی هەمیشەیی مەکتەبی). چەکی ناڤکی بۆ ڕژیمی ئێران جێگاوشوێنی تەسلیحاتی و نیزامی نیە، بەڵکە ئامرازێکە بۆ ئەوەیکە لە زلهێزەکان باجی سیاسی وەرگرێت. وە ئەوە شێوازێکی باو لە سیاسەتی نێونەتەوەیی‌یە.

سیاسەتی ناڤکی ڕژیمی ئێران لە خزمەت بردنەپێشێی سیاسەتی خارێجی، یان بە شێوەیەکی وردتر، لە خزمەت ئامانجەسیاسییەکانی ئێران لە ناوچەکەیە، بەرلە تاوتوێکردنی خۆدی ئەو سیاسەتە دەبێ لەسەر ئەوە جەخت بکرێتەوە کە سیاسەتی خارێجی ئێران وەك زۆرینەی وڵاتانی دونیا، پێوەندییەکی بەوەیکە کامە باڵ لە دەستەڵاتدا بێت نیە، وە لەسەر بنەما سەرەکییەکانی بەرژەوەندی ڕژیم کە پێوەندی بە جێگاوشوێنی گشتی ئەو لە ناوچەکە و لە نێو

ئابووریی و سیاسەتی جیهان هەیە، دامەزراوە. لە زمانی رەسمیدا حکوومەتی ئێران ئەو راستییە بەمجۆرە دەڵێتەوە کە سیاسەتی خارێجی" سیاسەتی نیزام" ە ، وە بەرنامە ناڤکییەکانی ئێرانیش رێك لەو جێگایەە کە پێوەندی بە سیاسەتی خارێجییەوە هەیە، " سیاسەتی نیزام" ە و پێوەندی بە هیچ باڵێکی دیاریکراوی ئەو نیە. ئەحمەدینژاد سەرچاوەی ئاڵ و گۆڕ لە لایەن حکوومەتی ئێران لە سیاسەتی خارێجی یان سیاسەتی ناڤکییەوە نەبووە.

ئامانجی سەرەکی سیاسەتی خارێجی رژیمی کۆماری ئیسلامی، بوون بە هێزی سەرەکی ناوچەکەیە، یانی هەمان جێ و شوێنێك کە ئێران لە سەردەمی محەممەدڕەزاشا لە کۆتایی دەیەی١٩٦٠ وەدەستی هێنابوو. کۆماری ئیسلامی ئەو ئامانجەی خۆی، نە دەتوانێ و نە دەیهەوێ بە پێچەوانەی رەوتی پێوەندییە نێونەتەوەییەکان و نیزامی سیاسی جیهان بگرێتە پێش، بەڵکوو بەدواداچوون و گرتنەپێشی ئەو ئامانجە، تەنیا لە رێگای بەرەسمییەت ناسینی هاوسەنگیهێزەکان لە ئاستی جیهانی و دیتنەوەی شوێنێك لە نێو نیزامی نێونەتەوەییدا دەگونجێت، وە کۆماری ئیسلامی ئێرانیش هەر ئەوەی دەوێت. ( چەند ساڵ لەمەوبەر، دەبیری مەجمەعی تەشخیسی مەسڵەحەتی رژیم، مۆحسێنی ڕەزایی، بە بیانووی خوێندنەوەی بەیانێك لە کۆنفڕانسی ئاکادێمیك لە یونان، دەقێکی نووسراوی لە وەها گەڵاڵەیەك خستەبەردەم مەقاماتی ئەمریکایی). عەمەلکردی رژیمی کۆماری ئیسلامی سەبارەت بە داگیرکردنی ئەفغانستان، کەلەودا مۆزاکرەی راستەوخۆ چەند رێککەوتنێك لەگەڵ مەقاماتی ئەمریکاشی تێدابوو، هەروەها هەڵوێستگرتنی رژیمی ئێران لە ئاست گۆڕانکارییەکانی ئەم دواییانەی لۆبنان، بەتایبەت عەمەلکردی کۆماری ئیسلامی لە ئاست بوونی ئەمریکا لە عێراق( وە عەمەلکردی حیزبی مەجلیسی ئەعلا و حێزبۆددەعوە)، وە هەروەها چەند رۆژ لەمەوبەر، راگەیاندنی رەسمی مۆزاکرە لەگەڵ ئەمریکا سەبارەت بە عێراق( کە بەپێی نووسراوەی تەحلیلگەرە ئاگادارەکان، بەرلەوەش بەشێوەی نهێنی لەئارادابووە) ، هەموویان ئەو راستییە دەردەخەن کە رژیمی کۆماری ئیسلامی بە باشی دەزانێ کە وەدیهاتنی ئامانجی بوون بە هێزێکی دەستەڵاتداری ناوچەکە، تەنیا لە هاوئاهەنگی و لە نێو سیاسەتەکانی زلهێزەکان و لەوانە و بەتایبەت ئامریکا وەدی دێت.

رژیمی ئێران بەهۆی جۆراوجۆر( وە پێوەندیدار بەیەکتر) پێویستی بە وەدەستهێنانی قودرەتی دەستەڵاتداری ناوچەیی هەیە. نەهەر لەبەر ئەوەیکە دەوڵەتی ئێران لە دە دوازدەساڵی دوایی حکوومەتی محەممەدڕەزاشا وەها ڕۆڵێکی بووە، وە ناسیۆناڵیستە ئێرانییەکان وەها چاوەڕوانییەکیان لە هەر رژیمێك کە لەسەرکار بێت هەیە و دەشیانبێت. گرینگترین ئامانجێك کە کۆماری ئیسلامی لەبەدواداچوونی وەها سیاسەتێکی ناوچەیی هەیەتی، بێگومان راگرتنی و مانەوەی خۆیەتی. گەیشتن بە جێگاوشوێنی هێزی سەرەکی لە ناوچەکە بێگومان بیمەنامەیەکە لەبەرامبەر ئەگەری هێرشی نیزامی زلهێزەکان یان دراوسێکانی دوور ونزیك. جێگاوشوێنی سەرتری ئابووریی ئێران لە ناوچەکە لە ڕوانگەی پێشبڕکێکردن لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ بۆ راکێشانی سەرمایە خارێجییەکان، بەشێوەی راستەوخۆ لە وەزن وکێشی سیاسی ئێران لەمۆعادێلە جیهانی و ناوچەییەکانەوە کاریگەری وەردەگرێت، وە هەر ئەو رۆڵ و نەقشە

سیاسییەی ئێران لە دوایین دەیەی حکوومەتی محەممەدڕەزاشا بوو کە بووە هۆی گەشەکردنی کەسب وکاری ئێرانییەکانی خاوەن سەرمایە لە بەرامبەر خاوەنانی سەرمایە لە مێسر و تورکییە و تەنانەت عێراق. هەر بەم هۆیە، بوونی ئێران بە هێزی سەرەکی لە ئاستی سیاسەتی ناوچەکە، خۆی زامنی پتەوبوونی پشتیوانی بەرینی خاوەنانی سەرمایە لە رژیمی کۆماری ئیسلامی‌یە.

لە دەسالی ئاخری حکومەتی محەممەدڕەزاشا، جێگاوشوێنی سەرتری ئێران لە ناوچەکە، بە پێی سیاسەتی جێهانی ئەمریکا و بە تیئۆری نیکسۆن بەئەنجام گەیشت، کە ئامانجی ئەوە بوو تا لەباتی ئامادەبوونی نیزامی راستەوخۆی ئەمریکا لەتەواوی ناوچەکانی ژێررکێفی خۆی، لە هێزەناوچەییەکانی هاوپەیمانی خۆی، یەکیان وەك " ژاندارمی ناوچەکە" دابنێت. بە شۆڕشی ١٣٥٧ تەبعەن ئەو جێگاوشوێنە لە کیس چوو، وە لە شەڕی ئێران و عێراق کە لەپاش شۆڕشی ئێران هەڵاییرسا، ئامانجی سەددام ئەوە بوو کە جێگاوشوێنی عێراق بۆ گێڕانی ئەو ڕۆڵە لە ناوچەکە مسۆگەر بکات.

بە پێچەوانەی ئەو شتەی کە ئێستا هێندێك لیبڕاڵی سادەدڵ دەیڵێن، ئەو راستییە کە رژیمی کۆماری ئیسلامی شەڕلەگەڵ عێراقی بە ئەستاندنەوەی خۆڕەمشەهر کۆتایی پێهێنا، پیشاندەری هەڵس وکەوتی ناعاقڵانەی ئەو رژیمە لە سیاسەتی دەرەوە نیە، بەڵکە مەسەلە رێك لەسەر دیاریکردنی قودرەتی دەستەڵاتدار لە ناوچەکە بوو. وە چەند ساڵی عەلەن تەواو درێژەی شەڕ، بە قیمەتی سەدان هەزار کوژراو و پەککەوتە، وە یان وێرانی و خەرجی زۆر، ئەگەرچی نەبووە هۆی گەیشتنی ئێران بە جێگاوشوێنی سەرتری ئێران لە ناوچەکە، بەڵام نیشانەی ئەوە بوو کە رژیمی ئێران هێزێکی دیکە لە ناوچەکە بۆ گێڕانی ئەو دەورە بەڕەسمییەت ناناسێت.

تەنیا تورکییە "بالقوە" ئەو زەرفییەتەی هەبوو( وە هەیەتی) کە وەکوو دەستەڵاتداری ناوچەکە دەرکەوێت و بۆشایی سەرچاوەگرتوو لە رووخانی رژیمی پەهلەوی لە ناوچەکە پڕ بکاتەوە. بەتایبەت کە هاوپەیمانی پایەداری ئەمریکا و ئەندامی ناتۆ بوو( وە ئێستاش هەیە). بەڵام چەند هۆکار تورکییەی لە گێرانی وەها دەورێك لە سبەینێی ڕووخانی پەهلەوی گێڕاوە وە ئێستاش هەر دەیگێڕێتەوە. بێشك پێشینەی دەستەڵاتدارییەتی ئێمپراتۆری عۆسمانی بەسەر ناوچە عەرەبییەکان قەتعەن دەبێتە هۆی خۆڕاگریکردن لەبەرامبەر چوونەسەرێی تورکییە لە وەها دەورێکدا. بەڵام هۆکاری گرینگتر ئەوەیکە دامەزراندنی کۆماری تورکییە لە دەیەی ١٩٢٠ لەگەڵ رووتێکردن لە ئۆرووپای مۆدێرن  و پچڕان لە دواکەوتوومانەوەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست هاوکات بوو، وە ئەوڕۆکەش پەیوەستبوون بە یەکیەتی ئۆرووپا هەروا خەیاڵی هەموو دەزگای حکوومەت و بۆرژوازی تورکییەیە. هەمووی ئەوانە دەبێتە هۆی ئەوەیکە تورکییە، سەرەڕای پتانسییێلی خۆی، لە هەوڵ بۆ جێیەك لە پەڕاوێزی ئۆروپا، بەکردەوە خۆی بخاتە پەڕاوێزی سیاسەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست( وە هەروەها لە پەڕاوێزی سیاسەتی قەفقاز، ناوچەیەکی‌تر کە تورکییە" بالقوە" دەیتوانی دەورێکی بەرچاوی تێدا بگێڕێت). ئەگەر لەسەردەمی شەڕی سارد تەنیا لە نێو بەرنامە و پڕۆژەی نیکسۆندا دەکرا ئەو ڕۆڵی سەرەکیبوونەی هێز لە رۆژهەڵاتی‌ناوەڕاست وەدی‌بێت، کۆتاییهاتنی سەردەمی شەڕی سارد( بۆ ماوەیەکی کورتی دوای کۆتاییهاتنی شەڕی

ئێران و عێراق)، هەل و مەرجێکی لەباری بۆ بەرزبوونەوەی هێزێکی ناوچەیی پێکهێنا, لاچوونی بلوکی شۆڕەوی لە مۆعادێلەی هێزی جیهانی، نەتەنیا پێشبڕکێی نێوان زلهێزە ئۆروپاییەکان وئەمریکای دەرخست و زیاتری کرد، بەڵکوو بووە هۆی ئەوەکە ژاپۆن و بەپلەیەکی زیاتر ئاڵمان لە جێوشوێنی شکستخواردووانی شەڕی دووهەم پشت ڕاست بکەنەوە. هێزی ئابووریی وڵاتانی تازەپێگەیشتووی سەنعەتی لە ڕۆژهەڵاتی ئاسیا و ئەمریکای لاتین، وە بەرزبوونەوەی چین وەك دێوێکی ئابووری لە ماوەی کەمتر لە یەك دەیە پاش کۆتاییهاتنی شەڕی سارد، گشت ئەمانە ئەوەی پێدەگووتین کە هەلس وکەوتەنێونەتەوەییەکان دەبێ بەشێوەیەکی شێلگیرانە دیسانەوە داڕێژرێنەوە، وە جیهان دەبێ دیسانەوە لەسەر بنەمای نوێ بەناوچەی ژێررکێفی سیاسی و ئابووری نێوان زلهێزەکان دابەش بێتەوە. ڕاستییەکانی ئەو سەردەمە نوێیە درگای بەڕووی هێزەپلەدووەکان لەئاستی جیهان،وەك ئێران لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئاوالا دەهێڵێتەوە تا بە مانۆڕ و پیشاندانی توانای خۆی لە عەمەل، ئیمکانی بەهرەمەندبوون لە بەشێکی دیاریکراو لە ناوچە جۆراوجۆرەکانیان بۆ بڕەخسێت و بەم پێیە لەوانەیە بتوانین بڵێین" لەخوارەوە" ، لە داڕشتنەوەی جۆغرافییای جیهان بەشداربن و دەوریان هەبێت. ١١ی سێپتامبر بووە ئەو بۆنەیە تا دەوڵەتی بووش پڕۆسەی داڕشتنەوە و دابەشکردنەوەی جیهان چالاکانە، بە بەکارهێنانی ئاشکرای هێزی نیزامی خۆی، وە بە مەبەستی شکڵپێدان بە ناوچەکانی ژێرڕکێفیان بە پێی گەڵاڵەی ئەمریکا بێنێتە ئاراوە. پێشتر ئاماژەمان بە ناکۆکییەنێوخۆییەکانی ئەو سیاسەتەی ئەمریکا کرد. لە ڕوانگەی ئەم باسەی ئێستاوە تەنیا گەیشتن بەو دەرەنجامە بەسە کە، بە پێچەوانەی سەردەمی شەڕی سارد کە ڕۆڵی هێزی سەرەکی ناوچەیی بۆ ئێران تەنیا دەیتوانی مەئمورییەتی ئەمریکایی محەممەدڕەزاشا بێت، لە جیهانی دوای شەڕی سارد، حکومەتی ئێستای ئێران تەنیا بە پیشاندانی هێزی خۆی لە عەمەل دا دەبێ ئەمریکا لە گێڕانی وەها دەورێك لە لایەن ئێرانەوە بەقەناعەت بگەیێنێت.

ئەو سیاسەتە جیاوازانەی کە هێزەئۆرووپاییەکان لە جیهان و ناوچەکە دەیگرنەپێش، ئەو بەرژەوەندییە ئابووری و سیاسییە جیاوازانەی کە زلهێزە سەنعەتی و ئابوورییەکانی جیهان لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەیانە، وە بەتایبەت بەرامبەرکێی وڵاتان و دەوڵەتانی ناوچەکە، گشت ئەمانە ئەو هۆکارانەن کە مەیدانی مانۆڕی ڕژیمی ئێران لەئاست ئامریکا دیاری دەکەن.

ئەو شتەی کە ئەساسەن ئەو توانایە بە ئێران بۆ گێڕانی وەها دەورێك دەدات، هێزێکی نیزامییە کە لە جەمعییەتێکی بەنیسبەت زۆر، توانای سەنعەتی و پتانسییێلی ئابووری ئێرانەوە سەرچاوە دەگرێت. وە ئاشکرایە کە سەرچاوە نەوتییەکانیش چەکێکە کە ڕژیمی ئێران وەکوو دەوڵەتی هەر وڵاتێکی نەوتیدیکە لە وێنێزۆئێلاوە گرتووە تا عەڕەبستان، بۆ ئامانجە سیاسییەکانی بەهرەی لێ وەردەگرێت. بەڵام دوئامرازی تایبەت بە ڕژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ بوون بە هێزێکی ناوچەیی بریتین لە بزووتنەوە ئیسلامییەکان ناوچەکە و چەکی ناڤکی. بۆ گەیشتن بە جێگاوشوێنی هێزی سەرەکی ناوچەکە، ڕژیمی ئێران بەتایبەت بە کەڵك وەرگرتن لەو

دوئامرازەیە کە دەیهەوێت کۆسپەکانی ئەم ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە وەلابنێت و زلهێزەکان ناچار بە ڕێککەوتن لەگەڵ ئێران بکات.

تائەو جێگایەی کە پێوەندی بە کۆسپەکانی سەرڕێگای رژێمی ئێران لەم ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە هەیە، هەربەمجۆرەی کە زۆرێك لە تەحلیلگەرەکان وتوویانە و ڕەقیبەکانی بوش لە حیزبی دێمۆکرات بەردەوام سەرکۆنەی دەکەن، عەمەلکردی ئەمریکا لەدوای ١١ی سێپتامبر لە ناوچەکە لەباری عەینیەوە بەقازانجی ئێران تەواو بووە. رووخاندنی رژێمی سەددام، تەنیا وڵاتێکی عەرەبی کە " بالقوە" دەیتوانی( وە لە شەڕی هەشت ساڵە لەگەڵ ئێران هەوڵیدابوو) تا ببێتە هێزێکی سەرەکی ناوچەکە، لە گێڕانی وەها ڕۆڵێك مەحرووم کرد، وە ڕۆڵێکی دیاریکەری بە حیزبەکان و رەوتە هاوپەیمانەکانی رژیمی ئێران لە سیاسەتی عێراق دا. لە ئەفغانستان، ئەمریکا نەتەنیا دەوڵەتی تاڵەبانی رووخاند( کە رژیمی ئێران هەتا رادەی شەڕ لەگەڵ ئەو چووبووە پێشێ، بەڵکوو بەتایبەت بەراگەیاندنی شەڕی ئاشکرا لەگەڵ ئەلقاعێدە بزووتنەوەی ئیسلامیستی وەهابیسمی خستەژێرگوشار. وەهابیسم و یان سەلەفیسم ئەو حەرەکەتە ئیسلامییانەن کە زیاتر لە دو دەیەیە بە پشتیوانی ماڵی و لۆجێستیکی عەرەبستان بڕیاربوو لە بزووتنەوە ئیسلامییەکانی ناوچەکە ئاڵتێرناتیوێك بۆ نفوزی رژیمی ئێران پێشکەش بکەن. سیاسەتی" شەڕلەدژی تێرۆریسم"ی ئەمریکا کە ئەلقاعێدەی کردە نهێنی، زۆرخێرا وەهابیسم و سەلەفیسمی لە مەیدانی رەسمی سیاسەتی وڵاتانی ناوچەکە کردەدەرێ و لە دەورگێڕانی وەك بزووتنەوەیەکی جەماوەری مەحرووم کرد. بەم پێیە جێگاوشوێنی رژیمی ئێرانی بۆ سەپاندنی هێژیمۆنی و جەهەتدان بە حەرەکەتە ئیسلامییەکانی ناوچەکە، سەربۆخۆ لە شیعی یان سۆننی، لەبارتر کرد. قسەکانی دژیئیسرائیلی و دژەیەهودییانەی ئەحمەدینژاد کە بە وتنەوە و چەندپاتکردنەوەی پیشانیدا کە هەڵەیەك لەڕووی حیماقەت نەبووە،ڕێك ئەو کارکردەی بۆ ڕژیمی ئێران هەبوو تا لە بەرامبەر مۆزاکرەکان لە لایەن دەوڵەتە ئۆروپاییەکان لەسەر سەرچاوەیەکی قودرەتی دیکە بۆ نفوزکردنی ئێران لە ناوچەکە جەخت بکاتەوە. ( هەر بەمجۆرەی کە ڕووداوی کاریکاتۆرەکانی محەممەد لە لایەن سعودییەکانەوە کرایە ئامراز، بەئاشکرا ئامانجی لاوازکردنی نفوزی ئێران بەسەر حەرەکەتە ئیسلامییەکانی ناوچەکەی گرتبووە پێش).

سیاسەتی ناڤکی ئێرانیش وەها ئامرازێکە. بەبێوتن ئاشکرایە کە ئەو ئێدێعایە کە ئێران تێکنۆلۆژی ناڤکی تەنیا بۆ بەرهەمهێنانی ئێنێرژی دەوێ، پوچ و بێناوەڕۆکە.

( وە ماوەیەك لەمەوبەر دەبیری پێشووی شوڕای باڵای ئاسایشی وڵات، حەسەنی ڕووحانی، بە وتنەوەی مەسەلەکانی پشتیپەردەی مۆزاکرەکانی ئێران لەگەڵ ئاژانسی ئەتۆمی لەگەڵ دەوڵەتانی ئۆروپایی، ئەم ڕاستییانەن کە هەم ئاژانس و هەم دەوڵەتانی ئۆرووپایی دەیانزانی بەئامارژەکردنێك بەئاگاداری هەموو لایەکیان گەیاند). بەڵام، هەر بەمجۆرەی کە لە سەرەتای ئەم بەشەدا وتمان، دەستپێراگەیشتن بە چەکی ناڤکی بۆ ئێران جێگاوشوێنی نیزامی نیە، بەڵکوو بۆ داسەپاندنی زەخت وگوشار لەئاستی سیاسی بەسەر زلهێزەکانە. ئەگەر جێگاوشوێنی رژیمی ئێران لەناوچەکە بەپلەیەك کە وەڵام بەو پێویستییە بنەڕەتییانە بداتەوە مسۆگەر بێت، ئێران

پێویستی‌یەکی بە چەکی ناڤکی نابێت. وە مادام وەها جێگاوشوێنێك لە لایەن زلهێزەکانەوە قبوولٚ نەکرابێت، رژیمێك لە ئێران کە بە چەکی ناڤکی تەیاربێت، هەروەك کۆرەی‌باکوور، رژیمێکی گۆشەگیر، بەبێ‌ئابووری‌یەکی بەهێز کە لەسەربنەمایەکی قایم دامەزرابێت، بەبێ پشتیوانی بەرینی بۆرژوازی ناوخۆ، وە لە ئاکامدا لەبواری سیاسییەوە سەقامنەگرتوو دەمێنێتەوە. تەنیا کەڵکێکی عاقڵانەی بەرنامەی چەکی ناڤکی بۆ رژیمی ئێران، هەڕەشەی دەستپێڕاگەیشتن بەوە، وە دواتر دەستکێشانەوە لە دەستپێڕاگەیشتن بەو لەبەرامبەر مسۆگەربوونی هێندێك لەئامانجە ناوچەییەکانی. ئەو شتەی کە سێ دەوڵەتی ئۆروپایی کێشاندە پێی میزی مۆزاکرە لەگەڵ ئێران. هەر بە هەمان شێوە کە گێڕانەوەکەی حەسەنی روحانیش بە ئاماژەیەك دانی‌بەسەردادەنێت، تێگەیشتنی ئەوان لە بوونی لایەنەشاراوەکانی بەرنامە ناڤکی‌یەکانی ئێران بوو. بەو ئێعتبارە،سیاسەتی ناڤکی ئێران لەداسەپاندنی مۆزاکرە بەسەر ئۆروپاییەکان سەرکەوتوو بوو.

ئێستاش بارودۆخەکە هەروایە. راگەیاندنی عەلەنی ئەوەیکە ئێران بە تێکنۆلۆژی پیتاندنی ئۆرانیۆم گەیشتووە و دەیهەوێ لەئاستی سەنعەتیدا بەرهەمی بێنێت، کەمانایەکی جگەلە راگەیاندنی بەئانقەستی نزیکبوونەوەی ئێران لە بەرهەمهێنانی چەکی ناڤکی نیە، بەتەواوی جێگاوشوێنی سیاسەتی ناڤکی ئێران وەك ئامرازێك بۆ داسەپاندنی گوشاری سیاسی بۆسەر زلهێزەکان پیشان دەدات. بەوەها جێ‌وشوێنێك بۆ سیاسەتی ناڤکی، دەبێ روون بێت کە حکوومەتی ئێران ناتوانێت تەسلیمی بڕیارنامەی شووڕای ئاسایش بێت و لە بەرنامە ناڤکی‌یەکەی پاشەکشە بکات. ( کاتی نووسینی ئەو دێڕانە هێشتا دانیشتنی کۆتایی مانگی ئاوریلی شووڕای ئاسایشی رێکخراوی نەتەوەکان بۆ تاوتوێکردنی راپۆرتی ئەلبەڕادێعی لەمەڕ بڕیارنامەی ناڤکی ئێران بەڕێوە نەچووە) لەبەر ئەوەیکە پاشەکشەکردن لە بەرنامەناڤکی‌یەکان بۆ حکوومەتی ئێران تەنیا بەمانای شکستی ناڤکی نیە، بەڵکوو بەمانای بەهرەمەندبوون لە یەکێك لە دوو ئامرازی سەرەکی ئەو رژیمە بۆ بەدواداچوونی ئامانجە ستڕاتێژیکەکانی خۆی لە ناوچەکەیە. هەر بەمجۆرەیە کە رژیمی ئێران ناتوانێت لە پشتیوانیکردن لە حەڕەکەتە ئیسلامییەکانی ناوچەکە ( کە خەرجێکی گرانی ماڵی هەیە و بەینابەین بەهۆی گرەوگانگرتن یان کردەوەی تێڕۆڕیستی یان زەخت وزۆری نێونەتەوەییش بەسەر رژیمدا دەسەپێنن، تەنیا لەبەر خەرج و مەخارێجی سیاسی و ماڵی ئەو پشتیوانییە، دەست هەڵگرێت.

جێگاوشوێنی سیاسەتی ناڤکی بۆ رژیمی ئێران ئەوەیەکە بینیمان، وە بۆ تێگەیشتن لە ناوەڕۆکی ئەو قەیرانەی ئێستای نێوان ئەمریکا و ئێران دەبێ بڕوانینە ئەودیوی فاکتەکانی پێوەندیدار بە چالاکییە ناڤکی‌یەکانی ئێران، یان لێکدانەوە حقوقییەکان لە مقاوەلەنامەکانی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی. دەبێ جێ‌وشوێنی سیاسەتی ناڤکی رژیمی ئێران لەروانگەی ئامانجەکانی سیاسەتی ناوچەیی ئەوەوە هەڵبسەنگێندرێت، وە سەرنج بدرێتە کێشەکانی ئەو سیاسەتە لەگەڵ ئامانجەکانی ئەمریکا لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست. ئەگەر لە وەها ڕوانگەیەکەوە چاو

لەو قەیرانەناڤکی‌یە بکەین، بەڕوونی دەتوانین ببینین کە ئەم قەیرانەی ئێستای نێوان پێوەندییەکانی ئێران و ئەمریکا چی‌یە و چ نیە:
١)بەرامبەرکێکردنی دیمۆکراتیزاسیۆن و یان مۆدێرنیتە لەگەڵ ئیسلامی پێشمۆدێرن نیە،٢)بەرامبەرکێکردنی وڵاتێکی " جیهانی سێهەم" لەگەڵ زۆرویژییەکانی ئیمپریالیسمی ئەمریکا نیە،٣) تەنانەت بەهاسانی لێکدانەوەی ئێرتجاعی ئیسلامی لەپاوانخوازی ئیمپریالیستیش نیە، بەڵکوو، ٤) لەهەردولاوە کێشمەکێشێکە لەسەر داڕشتنەوەی ئیمپریالیستییانەی جۆغرافییای سیاسی رۆژهەلاتی ناوەراست، لە لایەنی ئەمریکاوە بۆ بردنەپێشێی سیاسەتە ئیمپریالیستییەجیهانی‌یەکانی خۆی لەناوچەی رۆژهەلاتی ناوەڕاست، وە لە لایەن رژیمی ئێرانەوە بۆ بەرزکردنەوەی جێگاوشوێنی خۆی لە ناوچەکە و مسۆگەرکردنی خۆی وەکوو هێزێکی سەرەکی لە رۆژهەلاتی ناوەڕاست. لێکدانەوەی ئێمە هاوکات لەسەر ئەوە جەخت دەکاتەوە کە: ئەلف) لە سەرەتای سەدەی بیست ویەك ئەمریکا ئەو هێزە نیە کە بتوانێت سیاسەتە ئیمپریالیستی‌یەکانی خۆی بەتەواوی بباتە بەرەوە، بەڵکوو ناچارە لەگەڵ هێزەکانی ئێستای ناوچەکە رێك بکەوێت، بێ) رژیمی ئیسلامی ئێران نەتەنیا زەرفییەتی سازان لەگەڵ ئیمپریالیسمی ئەمریکای هەیە( وە عەمەلکردی حیزبەکانی برا و رەوتەئیسلامی‌یەکانی وەك ئەو ئەوەیان لە عەمەل دا پیشانداوە)، بەڵکوو ئەساسەن ئامانجی بوون بە هێزی سەرەکی ناوچەکە لە هاوئاهەنگی لەگەڵ نیزامی سیاسی جیهانی و بە هەوڵ بۆ دۆزینەوەی جێیەك لەنێو سیاسەتەکانی زلهێزەکاندا دەگرێتەپێش. دەڵێن لە رێزمانی چینی‌دا، نیشانەی قەیران، تەرکیبی نیشانەکانی دوو وشەی خەتەر و فورسەتە. وەکوو هەموو قەیرانێك، ئەم قەیرانە ناڤکی‌یەی ئێستا بۆ رژیمی ئێران قەتعەن مەترسیدارە، بەڵام هاوکات دەرفەتیشە. هەتا ئەو جێگایەی کە هەڵدەگەڕێتەوە سەر پێوەندی نێوان ئەمریکاو ئێران، قەیرانی ناڤکی دەتوانێت هەلێك بێ کە بەکردنەوەی ئیمکانی مۆزاکرە و سات وسەودا، پرۆسەی رێککەوتنی سیاسی ئەمریکا وسیاسەتی ئێران لە ناوچەکە پێك دێنێت. بەڵام تێپەڕبوون لە قۆناغی قەیران بەرەو قۆناغی مۆزاکرە لە پێوەندی نێوان ئێران و ئەمریکا لەسەرەتادا خۆی لەگرۆی گۆڕینی هەڵوێستی ئێستای هێزەئۆرووپاییەکان لەئاست بەرنامەی ناڤکی ئێرانە. گۆڕینی هەڵوێستی سێ‌وڵاتی ئۆرووپایی لەئاست ئێران، هەربەمجۆرەی کە ئاماژەی‌پێ‌کرا، مەرجەکەی وەلانانی ئەحمەدی‌نژاد و داروەدستەکەی لە دەستەڵات، وە هاتنەسەرکاری ئەو کەسانە لە کۆماری‌ئیسلامی‌یە کە نەك هەرتەنیا زمان و داب ونەریتی دیپلۆماتیکی پێوەندییەنێونەتەوەییەکان رەعایەت بکەن، بەڵکوو وەها زەرفییەت و توانایەکیشیان هەبێت کە بتوانن ئەو گۆڕانکارییانە لە سیاسەتی ناوخۆ و دەرەوەی رژیم پێك بێنن کە بۆ تێکەڵاوبوونی ئێران لە ئابووریی وسیاسەتی جیهانی پێویستە. لەو روانگەوە، ئەو قەیرانەناڤکی‌یەی ئێستا هۆکارێکی دیکەیە تا کۆڕ و کۆمەڵە جۆراوجۆرەکانی رژیم هەوڵێکی زیاتر بۆ وەلانانی ئەحمەدی‌نژاد و داروەدستەکەی کە هەر لە سبەی‌ڕۆژی دوای هەڵبژاردنی ئەو بۆ سەرکۆمارییەتی دەست پێ‌ببوو، زیاتر بکەن.

## ناسیۆناڵیسم و دیفاع له مافه ناڤكییه‌كانی ئێران

ره‌نگدانه‌وه‌ی قه‌یرانی ناڤكی له‌ ئۆپۆزۆسیۆنی ئێران ته‌نیا مه‌یدانی به‌ لایه‌نگرانی سیاسه‌ته‌ ئێمپرپالیستیه‌كانی ئه‌مریكا نه‌داوه‌، به‌ڵكوو به‌شێكی‌تری به‌ره‌و داكۆكیكردن له‌ رژیمی ئیسلامی راكێشاوه‌. هه‌ڵوێستی ئه‌وبه‌شه‌، دیفاع له‌ " مافی ئێران" له‌و قه‌یرانه‌ ناڤكی‌یه‌ی ئێستایه‌، له‌ ڕوانگه‌ی سیاسی‌یه‌وه‌ له‌ " رژیمی كۆماری ئیسلامی ئێران" پشتیوانی ده‌كات. راستییه‌كی ساده‌ كه‌ له‌ژێر پۆشش و په‌رده‌ی وه‌ها ئیستدلالێكی حقوقی‌دا ون ده‌بێت ئه‌وه‌یه‌كه‌ هه‌رشتێك كه‌ " ره‌وا" ( یان ناڕه‌وا) به‌و رژیمه‌ ببڕێت، هیچ پێوه‌ندییه‌كی به‌ جه‌ماوه‌ری خه‌ڵك و زۆرینه‌ی زه‌حمه‌تكێشی خه‌ڵكی ئێرانه‌وه‌ نیه‌. جیا له‌وباسه‌ كه‌ ئایا به‌رهه‌مهێنانی وزه‌ی ناڤكی، وه‌ هه‌روه‌ها هه‌بوونی چه‌كی ناڤكی، ئایا له‌ روانگه‌ی ئاسایش یان ئه‌خلاقی یان سیاسیه‌وه‌ باشه‌ یان باش نیه‌، مه‌سه‌له‌ لێره‌دایه‌ كه‌ تاكاتێك حكوومه‌ت به‌ته‌واوی له‌ده‌ست جه‌ماوه‌ری خه‌ڵكدا نه‌بێت، داكۆكیكردن له‌ " مافی ئێران" بۆ هه‌بوونی وزه‌ی ئه‌تۆمی( یان چه‌كی ناڤكی) هیچ مانایه‌كی جگه‌له‌ دیفاع له‌ كۆماری ئیسلامی و پته‌وكردنی جێگاوشوێنی ئه‌و نیه‌، لێره‌دا هه‌م ناسیۆناڵیسم و داكۆكیكردن له‌ " به‌رژه‌وه‌ندییه‌ نیشتمانییه‌كان" ، وه‌كوو هه‌میشه‌، ده‌چێته‌ خزمه‌ت دیفاع له‌ رژیمێكی سیاسی كه‌ یه‌كه‌م ئه‌ركی ته‌زمینكردنی چه‌وسانه‌وه‌ی زۆرینه‌ی خه‌ڵكی زه‌حمه‌تكێش و شه‌ریفی هه‌مان میلله‌ته‌.

ناسیۆناڵیسته‌كانی ئێمه‌ به‌باشی ده‌زانن كه‌ سیاسه‌تی ناڤكی رژیم، ئامرازێك بۆ مسۆگه‌ركردنی خۆی وه‌كوو هێزێكی سه‌ره‌كی ناوچه‌كه‌یه‌. به‌ڵام جێگاوشوێنی سه‌ره‌كی، ناوچه‌یی"رژیمی ئێران" ، جا ناوه‌ڕۆكی ئه‌و رژیمه‌ هه‌رچێك بێت، بۆ ناسیۆناڵیسته‌ئێرانییه‌كان به‌سه‌ تا فه‌خر به‌ ئه‌فغانی و عه‌ڕه‌ب و ترك بفرۆشن، وه‌ هیوادارن ئه‌و فه‌خرفرۆشتنه‌ ده‌رخواردی جه‌ماوه‌ری زه‌حمه‌تكێش بده‌ن تا سوكنایی‌یه‌ك بۆ بێ‌به‌شی و مه‌حرومییه‌تێك بێ كه‌ ناسیۆناڵیسته‌كانی ئێمه‌ نه‌ ده‌یانهه‌وێ و نه‌ده‌شتوانن چاره‌سه‌ری بكه‌ن.

گاڵته‌جاڕتر ئه‌وه‌یه‌ كه‌ ناسیۆناڵیسته‌ ئێرانییه‌كان پشتیوانی خۆیان له‌ رژیمی كۆماری ئیسلامی سه‌باره‌ت به‌ قه‌یرانی ناڤكی له‌نێو زه‌ڕوه‌ڕه‌قی دژی‌ئێمپرپالیستی و دژایه‌تیكردن له‌گه‌ڵ سیاسه‌ته‌كانی ئه‌مریكا ده‌پێچنه‌وه‌. ئه‌و جۆره‌ دژی"ئێمپرپالیسم" ه‌ ساڵه‌هایه‌ كه‌ له‌مه‌یدانی سیاسه‌تی ئێراندا تاقی‌كراوه‌ته‌وه‌. له‌ ده‌یه‌ی ١٣٥٠-١٣٤٠ چه‌پی ئێران ( وه‌ به‌گشتی ئۆپۆزۆسیۆنی ئێران)، له‌ژێر كاریگه‌ری په‌ره‌سه‌ندنی بیرۆكه‌كانی وابه‌سته‌بوون ومه‌یله‌وجیهانی‌سێهه‌م، ئه‌مریكا و ئێمپرپالیسمی به‌سه‌رچاوه‌ی هه‌موو رۆژڕه‌شییه‌ك ده‌بینێت و به‌گشتی پێی‌وابو كه‌ به‌ كورتكردنه‌وه‌ی ده‌ستی ئه‌مریكا له‌ ئێران و هاتنه‌سه‌ركاری " ده‌وڵه‌تێكی نیشتمانی" ، یانی ده‌وڵه‌تێك كه‌ له‌ لایه‌ن ئێمپرپالیسته‌كانه‌وه‌ دانه‌نرابێت، ئێران ده‌بێته‌ گوڵستان. خۆمه‌ینی و حه‌ڕه‌كه‌تی‌ئیسلامی وه‌ها " دژی‌ئێمپرپالیسم"ێكیان بۆ ئامانجه‌كانیان به‌باش زانی و به‌ زمانی ئیسلامی ته‌رجه‌مه‌یان كردووه‌. به‌وئێعتباره‌وه‌ ده‌توانین بڵێین كه‌ نفوزی

وەها روانگەیەك لەنێو چەپ ( وە بەگشتی ئۆپۆزۆسیۆن) بە چەندپلە ئاسانکاری بۆ چوونەسەرێی خۆمەینی کرد.بەڵام ئەگەر ئەوجۆرە" دژیئێمپریالیسم" ە تراژێدی نەوە و نەسلێك بوو، ئەوڕۆکە دووپاتکردنەوەی لە لایەن ناسیۆناڵیستەکانی ئێمەوە کۆمێدیە. ئەگەر " دژیئێمپڕیالیسم"ی سەردەمی شۆڕشی رێبەندان لە هەڵس وکەوتی چینایەتی چەوساندنەوە و سەرکوت لەئێران چاوپۆشی کرد و نەخوازراو لە نێو ناسیۆناڵیسم و دیفاع لە هەر رژیمێکی سەربۆخۆ و نەتەوەیی گەوزا، ئەوڕۆکە ناسیوناڵیستەکانی ئێمە وشیارانە لە هەڵوێستی دێفاع لە کۆماری ئیسلامییەوە کەوتوونەتەخۆ و دواتر دژایەتیکردن لەگەڵ ئێمپریالیسمیان وەك پاساوێك بۆ ئەو دێفاعەناسیۆناڵیستییە گرتۆتەپێش. هۆکاری دۆزینەوەی دژایەتیکردن لەگەڵ ئێمپڕیالیسمیش بەدەر لەو روانینە بەقاڵانەیە نیە کە ئەمڕۆکە لە رۆژئاوا بزووتنەوەیەکی دژیشەڕی بەهێز هەیە کە بۆ بەرپەرچدانەوەی سیاسەتەکانی ئەمریکا چالاکانە تێدەکۆشێت. ناسیۆناڵیستەکانی ئێمە بۆ سەلماندنی خۆش خزمەتی بە رژیمی کۆماری ئیسلامییە کە چوونەتە سۆراغی بزووتنەوەی دژیشەڕ.

تێگەیشتن لەوەیکە بزووتنەوەی دژیشەڕ لەئۆروپا و ئەمریکا بۆ گوشارخستنەسەر دەوڵەتەکانی خۆیان و بۆ پتەوترکردنی خەبات لەدژی سیاسەتەکانی ئەمریکا لەبەرامبەر نفوزی ئەو ڕوانگانەی کە مەیلەوجێهانیسێهەمن، گاڕدی خۆیان بهێننە خوارێ و، بۆ وێنە، لێرەولەوێ هەڵوێستی رژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران بێننە رێزەی دژایەتیکردنی کاسترۆ یان چاوێز لەگەڵ سیاسەتی دەرەکی ئەمریکا.

بەڵام ئەگەر بەشداریکردنی ئێرانییە تەبعیدی و کۆچکردووەکان لە بزووتنەوەی دژیشەڕ لەڕۆژئاوا ئەرکێکی تایبەتی هەبێت، ئاشناکردنی ئەو بزووتنەوەیە لەگەڵ خوو و ڕەوشتی کێشمەکێشی ئێران و ئەمریکا وەکوو کێشمەکێشێك لەسەر داڕشتنەوەی ئێمپڕیالیستیانەی رۆژهەڵاتیناوەڕاستە. ئێستا پێشگیری لە نفوزی ناسیۆناڵیستەکانیلایەنگری کۆماری ئیسلامی لەو بزووتنەوەیە دەبێ بەشیجیانەکراوەی ئەوئەرکە بەحیساب بێت.

## سیاسەتی زلهێزەکان لەئاست ئێران

لە سەردەمی مۆزاکرە لەگەڵ ئێران، سێ هێزی ئۆروپایی ئەو ئیمتیازەیان بە رژیمی ئێران دا کە لەبری خۆبواردن لە دەستپێڕاگەیشتن بە چەکی ناڤکی، ئەو ئیمکانە بۆ ئێران دەبێت کە لە بواری سیاسی و ئابووریەوە تێکەڵ بە نیزامی ئێستای جێهان بێت. بەتایبەت سەبارەت بە پەیوەستبوونی ئێران بە رێکخراوی بازەرگانی جێهانی هێندێك بەڵێنیان داوە و تەنانەت سەرەنجام ئەمریکایان ناچارکرد تا لەکاتی تاوتوێکردنی پەروەندەی ئەندامییەتی ئێران لەو ناوەندە بەپێچەوانەی جارەکانی پێشوو، دەنگی مۆخالف نەدەن. لە ڕوانگەی سیاسیشەوە نەفسی مۆزاکرەکان و رێککەوتنەکان ئەوەیان دەگووت کە سیاسەتەکانی سێ زلهێزی ئۆرووپایی

لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی‌ناوەڕاست، ئاسایشی ڕژیمی کۆماری‌ئیسلامی‌ئێران ناخاتە مەترسی‌یەوە، وە کۆماری‌ئیسلامیش دەتوانێ بە ڕەعایەتکردن و لەبەرچاوگرتنی یاساکانی ئەم کایەیە بەڕادەی نفوزی واقعی خۆی لەناوچەکە بەشی پێ‌ببڕێت.
بەهاتنەسەرکاری ئەحمەدی‌نژاد، سێ هێزی ئۆرووپایی کۆتاییان بە مۆزاکرەکان لەگەڵ ئێران هێنا. ئۆرووپا ناتوانێت لەگەڵ دەوڵەتی ئەحمەدی‌نژاد هاوکاری بکات، بەو هۆکارە سادەیەی کە ئەحمەدی‌نژاد نوێنەری هێزێکی ناسراو لە ڕژیمی ئێران نیە و، هەر بەمجۆرەی کە لە شوێنێکی‌تردا باسمان لێوە کرد(٤)، هەڵبژاردنی ئەو بۆ سەرکۆمارییەتی، زۆرێك لە رووخسارە سیاسییە جێ‌کەوتووەکانی ڕژیمیشی غافڵگیر کرد. ئۆرووپا ئامادەیە لەگەڵ دەوڵەتی ئەو باڵە لە ڕژیم مۆزاکرە و هاوکاری بکات کە لە تاقیکردنەوە هاتبێتە دەرێ، لەباری پابەندبوون و هەڵس وکەوتکردنی غەیرەمەکتەبی‌یانە لەگەڵ یاساورێساکانی سیاسەتی نێونەتەوەیی متمانەی پێ‌بکرێت، وە گرینگتر لەگشتی، ئەو پابەندبوونەی بە ئەولەوەییەتی عەمەلی لەمەڕ تێکەڵبوونی ئابووریی ئێران لەبازاڕی جیهانی بەشێوەی عەینی تەزمین کردبێت. ئەحمەدی‌نژاد نەتەنیا وەها تایبەتمەندییەکی نیە، بەڵکوو نوێنەرێکی دواکەوتوو لە پەڕاوێزی ڕژیمی کۆماری‌ئیسلامی‌یە کە هیچ کەس چاوەڕوانی ئەوەی لێ نیە کە ئەساسەن شێوازێکی روون و جیاوازی لە ئابووریی و سیاسەتدا هەبێت. سیاسەتی گشتی ئۆرووپا لەئاست ڕژیمی کۆماری ئیسلام نەگۆڕاوە، بەڵکوو هەڵبژاردنی ئەحمەدی‌نژاد و بەدەستەڵاتگەیشتنی ئەو بەشە کە نوێنەرایەتی دەکرد بە کۆسپێك لەسەر رێگای گرتنەپێشێی سیاسەتەکانی دەبینێت. ئۆرووپا خوازیاری گۆڕینی ڕژیمی‌ئێران نیە، وە هەر بەم هۆکارە سادەیە لەگەڵ سیاسەتی ڕاگەیێندراوی ئەمریکا لەمەڕ گۆڕینی ڕژیمی ئێران موافق نیە. ئۆرووپا لە عەمەلییاتی نیزامی مەحدوود بۆسەر ئێرانیش پشتیوانی ناکات، لەبەر ئەوەیکە بۆ گۆڕینی دەوڵەتی ئەحمەدی‌نژاد لەسەر عەقڵی سات وسەوداکردنی ڕێبەرانی پلەسەرەوەی ڕژیمی‌ئێران حیساب دەکات. هێزەئۆرووپاییەکان بەباشی دەزانن کە ئەو هێرشە نیزامییەی کە کاری ڕژیمی ئێران تەواو نەکات ( وە تەنیا داگیرکردنی تەواونیزامیی‌ئێران دەتوانێ ئەو کارە بکات)، پێشبینی‌کردنی هەڵس وکەوتی وەها ڕژیمێك نامۆمکێن دەکات. وە بەو تاقیکردنەوەی کە ئەمریکا لە عێراق بوویەتی، تەنانەت لەئەگەری پێباشبوونی ئەمریکا لەمەڕ داگیرکردنی ئێرانیش، ئۆرووپا لەدژی دەبوو. هێزەئۆرووپایی‌یەکان باشتر لە ئەمریکا دەزانن کە هێرشی‌نیزامی‌مەحدوود بۆسەر ئێران، یەکەم ئاکامی ئەوەیە کە نیزامی‌یەکان لەڕژیمی‌ئێران دێنێتە پێشەوە، دەورونەقشی ئەوان لە دیاریکردنی سیاسەتەکانی ڕژیم دەباتەسەرێ، وە ئەولەوییەتی ڕژیم لە تێکەڵاوبوونی ئابووریی و تەعامۆلی سیاسیی لەگەڵ جیهانی دەرەوە دەکاتە ڕاگرتنی ئاسایش و ئەمنییەتی خۆی. هێزەئۆرووپاییەکان لەوەها گۆڕانێك لە سیاسەتەکانی ڕژیم لەبواری ئابووریی و سیاسی‌یەوە زەرەر دەکەن. بەپێی گشت ئەمانە، ئۆرووپا تەنیا لەو شێوازە بۆ گوشارخستنەسەر ئێران کەڵك وەردەگرێت کە بتوانێت ڕووخانی ئەحمەدی‌نژاد خێراتر بکات. بۆ ئەو مەبەستە تەحریمی بازەرگانی ئامرازێکی نامۆحتەمێل نیە، بەڵام لەو بارودۆخەی ئێستادا هێشتا زووە.

## ناڕۆشنی سیاسەتی ئەمریکا و مەیدانی مانۆڕی ئۆپۆزۆسیۆن

بەپێچەوانەی هێزەئۆرووپاییەکان، ئەمریکا شێوازێکی ڕوونی لە هەڵس وکەوتکردن لەگەڵ کۆماریئیسلامی نیە. کاتێك کە ڕێگاچارەی تەواوداگیرکردنینیزامییئێران و ڕووخاندنی کۆماریئیسلامی بەهێزی ڕاستەوخۆی ئەمریکا مەقدور نیە، ڕاگەیاندنی ڕەسمی" گۆڕینی ڕژیم" لەئاست حکوومەتی ئێران تەنیا سیاسەتی ئەمریکا ناڕۆشن دەکات. سەرەڕای ئەوەشکە شەخسی سەرکۆمار و وەزیرەپایەبەرزەکانیش ڕایانگەیاندووە کە داگیرکردنی ئێران بەشێوەی عێراق لەدەستووری کاردا نیە، بەڵام سیاسەتی " گۆڕینی ڕژیم" ئەو ئیجازەیە بە تازەمۆحافزەکارەکانی نێودەوڵەت دەدات تا هەروا لەسەر پێویستی ڕووخانی ڕژیمی ئێران تەنانەت بە بیانووی شەڕێکی تەواوعەیار و داگیرکردنی قسە بکەن، بەبێئەوەیکە وەڵامیان بەزۆرێك تێبینی عەمەلی دابێتەوە کە لەسەر ڕێگای گرتنەپێشی وەها ڕێگاچارەیەکە. جیالەوە، " گۆڕینی ڕژیم" ئێستاکە بە بەرەیەك لە سێناریۆجۆراوجۆرەکانی هێندێك کۆڕوکۆمەڵی دەوڵەتییئەمریکا و هەموویان هەر لەژێر ئەو نێوە، ئیجازەی تەبلیغیداوە. لە عەمەلییاتی مەحدوودی نیزامی بەدەستی هێزەکانی ئەمریکا کە بەجم وجۆڵی نیزامی هێزەکانی ئۆپۆزۆسیۆنی ئێران درێژەی دەبێت، بگرە تا جۆرێك " شۆڕشینارنجی" کە هاوڕێیە لەگەڵ قەیرانی یاسایی وخۆپیشاندان بۆ پشتیوانیکردن لە کەسایەتییەکی سەرەکی لە ئۆپۆزۆسیۆن، هەتا بەتەواوی ئەسپاردنی گۆڕینی ڕژیم بە جم وجۆڵەکانی مەیدانی سیاسەتی ئێران و پشتیوانی ماڵی و ئەخلاقی لە چالاکییە بەربڵاوەکانی هێزەکانی ئۆپۆزۆسیۆنی لیبراڵ، وە سەرەنجام هەتا پشتیوانیکردن لە گۆڕان لەناوخۆی ڕژیم و بەدەستەڵاتگەیشتنی باڵێکی واقع بین لە ناوخۆی ئەم حکومەتەی ئێستا. ئەوەی ئاخرییان هەمان سیاسەتی ئۆرووپایە، وە حاڵیحازر لەلای کاربەدەستانی ئەمریکا لایەنگرانێکی بەهێزی نیە. بەڵام، هەربەمجۆرەی کە پێشتر ئاماژەی پێکرا، لەکۆتایی شەڕیساردەوە تا کۆتایی دەورەی کلینتۆن، سیاسەتی دەوڵەتی ئەمریکا، هەروەك سیاسەتی هێزەئۆرووپاییەکان، لەئاست ڕژیمی ئێران شتێك جگە لەمە نەبوو. قسەکردنەوە لەسەر سیاسەتی پێشووی ئەمریکا لەئاست ئێران شتێکە کە حیزبیدێمۆکرات لەئاست سیاسەتی پڕخەرج و متمانەپێنەکراوی دوای ١١ی سێپتامبر، بەگشتی تەبلیغی دەکات. لە حیزبی کۆماریخوازیشدا وەها سیاسەتێك هەوادارانی بەهێزی خۆی، وە لەوانە جۆڕج بووشیباوك،ی هەیە. بەم پێیە ئیمکانی ئەوەیکە سیاسەتیئەمریکا لەئاست ئێران لە سیاسەتی ئۆرووپا نزیك بێتەوە، زەمینەی قەوی لە ئەمریکا هەیە، هەرچەند لە کورت ماوەدا تەسەورکردنی وەها بادانەوەیەکیش دژوار بنوێنێت.

لەڕوانگەی گۆڕانکاری لە ئۆپۆزۆسیۆنی ئێران، ئەو شتەی کە دیاری دەکات ئەوەیەکە ناڕۆشنی لە سیاسەتی ئێستای ئەمریکا لەئاست ئێران بە بەرەیەکی جۆراوجۆر لە ئۆپۆزۆسیۆن و نیمچە–

ئۆپۆزۆسیۆن ئیمکانی دەورگێڕان لەنێو ڕێگاچارە ئێحتمالیەکان دەدات کە هەموویان لەژێر نێوی" گۆڕینی رژیم" دا دەگونجێت. چوونکە بەپێی تەجرەبەی هەر ئەم یەك دو ساڵەی دوایی لە ئۆکڕاین وگۆرجستان بردنەپێشی سێناریۆی" شۆڕشیناڕنجی" لە گرۆی لانیکەم بێلایەنبوونی هێزەئێنتزامی‌یەکان لەئاست پەرەسەندنی ئێعتڕازات و خۆپیشاندانەکانی شەوانەڕۆژی‌یە، کەواتە ڕووخسارێکی وەك مۆحسێنی سازگارا کە لە دامەزرێنەرانی سپای پاسداران و یەکەم فەرماندەی سپا بووە، ئێستا لە لایەن هێندێك کۆڕوکۆمەڵی نێودەوڵەتێ ئەمریکا بۆ وەها سێناریۆیەك نامزەد دەکرێت. چوونکوو تەجرەبەی ئەفغانستان پیشانی‌دا کە بۆ گرتنی پێتەخت پێویست بە پیادەنیزامی ئەڕتەشی ئەمریکا نیە و حیزبەجێهادی‌یەکان کابۆلیان گرت، هێندێك کۆڕوکۆمەڵ لە دەوڵەتی ئەمریکا بیر لە بەکارهێنانی ڕێکخراوی مۆجاهێدینی خەلق و هێزەنیزامی‌یەکەی دەکەنەوە. چوونکوو بەهێزترکردنی" کۆمەڵگای مەدەنی" لە ئەزموونی " دێمۆکڕاتیزاسیۆن" لە بلوکی پێشووی شۆڕەوی بەکارهات، بۆ پەرەدانی رادیۆو تلویزیۆنەکانی ئۆپۆزۆسیۆن بودجە تەرخان دەکەن و بۆ ڕاکێشانی هەڵسووڕاوانی دانێشجوویی و ژۆرناڵیستەئیسلاحخوازەکانیش بورسییە تەرخان دەکەن و ئامرازە تەبلیغی‌یەکان دەخۆڵقێنن.

بەمجۆرەیە کە بازاڕی ئێنحێساری سەڵتەنەتخوازان لە سیاسەتەکانی ئەمریکا لە کیس چووە. مۆحسێنی سازگارا لە بازنەی نێو ئیسلاحخوازانی دووی‌خۆردادی دێتە دەرێ هەتا هاوڕێ‌لەگەڵ کارڕێکخەران لە جل وبەرگی توێژەرنی‌دانیشگاهی لە ژووری چاوەڕوانی پێنتاگۆن لە نۆرەدا دانیشێت. عەلی‌ئەفشاری لە ئیسلاحخوازە دەوڵەتی‌یەکان دەبات تا لە " بینا"ی کۆنگرەی ئەمریکا لێکدانەوەلەمۆدکەوتووەکەی بگەیێنێتە گوێی نوێنەرانی عەلاقەمەندی کۆنگرە. ڕێکخراوی مۆجاهێدینی خەلق، کە سێ‌ساڵە تانکەکانی لە پاڕکینگەکانی " هێزەکانی هاو–پەیمان" لە عێراقی داگیرکراودا راگیراوە، لە ئۆردوگای ئەشڕەف چاوەڕوان دانیشتوون تا شایەد مەسعودی رەجەوی( لە شوێنێکەوە کە مەعلووم نیە کوێ‌یە) لە وت وویژ لەگەڵ تەڕەڤ ئەمریکایی ( کە کەس بەباشی نازانێ کە ئایا بازجووە یان نوێنەری سیاسیی پێنتاگۆن) تەکلیفیان دیاری بکات کە ئایا ڕۆڵێك بۆ حیزبە جێهادی‌یەکان لە سناریيۆی‌پەسندکراوی " گۆڕینی رژیم" هەیە یان نە. لە هەمووی قەباعەتتر، چارەنووسی دو ڕێکخراوی ناسیونالیستی کوردوستانی ئێران، حیزبی دێمۆکڕاتی کوردوستان و ڕێکخراوی" شۆڕشگێڕی" زەحمەتکێشانی کوردوستانە ، کە بڕیاروایە بەم پێیەی کە دیاری کرا ئەگەر هێرشی ئاسمانی ئەمریکا لەگەڵ عەمەلییاتی نیزامیی‌هێزەناوچەیی‌یەکان هەڵبژێردرا، دەورونەقشێکیان پێ‌بسپێردرێت. واقعییەت ئەوەیە کە بۆ جۆرە هەمەڕەنگەکانی سەڵتەنەتخوازان، بەئەستۆگرتنی نەقش ودەور لەنێو سیاسەتی ئەمریکا زیاتر لەوەیکە ئاکامی واقعیی سیاسییەکەی لەبەرچاو گیرابێت، ڕێگایەکە بۆ ئێمراڕی مەعاش. سەبارەت بەوانە بە دەستێوەردانێك لە وتەی بەناوبانگی حاجی میرزا ئاقاسی، دەبێ بڵێین کە سیاسەتی ئەمریکا بیرێکە کە هەرچەند خاوەنەکەی بەئاو ناگەیێنێت بەڵام سەڵتەنەتخوازان بە نان دەگەیێنێت. بەڵام ئەو دو ڕێکخراوە ناسیۆناڵیستەی کوردوستانی ئێران حازربوون تەواوی پێشینەی بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانەی خۆشەویست لە مێژووی هاوچەرخی‌ئێران هەڕاج

بکەن، لەبەر ئەوەیکە گۆیا لەنێو مەقاماتی دەوڵەتییئەمریکا کەسێك لە جێیەکدا لەسەر کوتەکاغەزێك لەفزی " فێدڕالیسم" ی نووسیوە. هەڵوێستگرتنی سیاسیی ئەو دوو ڕێکخراوە، کە تەنانەت هەر لە ڕوانگەی مۆحاسیبەی سیاسیشەوە تەنیا دەتوانین نێوی کورت بیرانەی لەسەر دانێین، رەنگدانەوەی ئەو بۆنبەستەیە کە بەدوای گۆڕانکارییەکانی کۆتایی شەڕیسارد لە ناوچەکە، هیچ ڕێگایەکی واقعی بۆ ناسیۆناڵیسمی کورد ئاوالآ نەهێشتۆتەوە.

کورتی بکەینەوە. قەیرانی ناڤکی نێوان ئێران و ئەمریکا لەباری عەینییەوە تەنیا دەتوانێت هۆکارێك بۆ ڕێککەوتنی زیاتری سیاسەتەئێمپریالیستییەکانی ئەمریکا لە ناوچەکە لەگەڵ دەورونەقشی ئێرتجاعییانەی ئیسلامیسیاسی بێت. هاوکات ئەو قەیرانە دەبێتە هۆی تەسفییەی ئۆپۆزۆسیۆنی ئێران. زۆرێك لە هێزەکانی ئۆپۆزۆسیۆن و نیمچە-ئۆپۆزێسیۆن لە بازنەی سیاسەت فڕێدەداتەدەرێ. کۆتایی بە دەورونەقشی سەڵتەنەتخوازەکانیئێران لە سیاسەتی خارێجیئەمریکا دێنێت، وە ریزەکانی لیبڕاڵەئیسلاحخوازەکان لە دەمدەمیمەزاجەکان تەسفییە دەکات هەتاکوو هەوڵەکانیان لەسەر گۆڕینی رژیم لەناوخۆ چڕ بێتەوە. رزگاری ئێران لە شەوەی حکوومەتی کۆماریئیسلامی تەنیا لە گرۆی شۆڕشی جەماوەری خەڵکی زەحمەتکێش دایە.

***

ژێرنووس:

١) چاوبکەن لە " سەرکەوتن لەشەڕ، شکست لە ئاشتی" ، ئیرەج ئازەرین. بارو ژمارە ١٧، رەشەمەی ١٣٨١- خاکەلێوەی١٣٨٢. هەروەها لە " نۆبەی ئێران نیە"، رەزا مۆقەددەم، بارو ژمارە ١٧، رەشەمەی ١٣٨١- خاکەلێوەی ١٣٨٢ . وە " کۆتایی کاری ئەمریکا لە رێبەرایەتی جیهانی سەرمایەداری"، راگەیاندنی کومیتەی ئیجرایی ئێتتحاددی سۆسیالیستی کارگەری، ئاوریلی٢٠٠٣، هەمان سەرچاوە.

٢) چاو بکەن لە " تێئۆری بۆشەڕ، تێئۆری بۆ سەرکەوتن" ، ئیرەج ئازەرین، بارو ژمارە١٦، رێبەندانی١٣٨١.

٣) چاوبکەن لە وتاری" ١١ی سێپتامبرو نەزمی نوێی ئێمپریالیستی" ، ئیرەج ئازەرین، بارو ژمارە١، خەزەڵوەری ١٣٨٠. وە ناکۆکییەکانی کۆماریخوازی" فەسڵی چوارەم " بێپایەبوونی دێمۆکراسی لیبڕاڵی لە ئێران"، بارو ژمارە ٢١، گەلاوێژی ١٣٨٣. هەروەها ستڕاتێژی ئەمریکا لە ئەفغانستان: کۆماریئیسلامی، نە یەك وشە زیاتر و نە یەك وشە کەمتر" ئێحسان کاوە، بارو ژمارە ٢١، گەلاوێژی ١٣٨٣.

٤) چاوبکەن لە " سەرکەوتنی ئەحمەدینژاد، نیشانەی کامە ئاڵ وگۆڕ؟" ، ئیرەج ئازەرین، " بەپێش" ژمارە ٥، ١٦ی پووشپەڕی ١٣٨٤، هەروەها " نۆرەی ئەحمەدینژادە"، رەزا مۆقەددەم، " بەپێش" ژمارە ١٣ی گوڵانی ١٣٨٤.